

# بوون ، دنیا ، ژیان

## لەروانگەی هەولەوییەوە

بەگشتی بوون پرسێکی گرنگە لە کایەکانی ژیان و بەرامبەرکردنی لەگەڵ دونیا و ژیاندا، زیاتر گرنگی و پێگەی لەم گەردونە و دواتر پرسی مەرگ و ژیان بەتایبەتی دەردەکەوێت، لای مەولەویش بوون بەشێکە لەپێکهاتەو پرسی مەرگ و ژیان، بۆیە پانتاییەکی فراوانی مەعریفی و پرسی داگیرکردوە.

## بوون لای مەولەوی:

(بوون) لای مەولەوی، هەندێ جار وەك واتای (بوون)ی دەرەوەو فیزیکی بەکاردێتو هەندێ جاریش بەمانای (بوون)ی مرۆڤ، وەك ئەوەی کە هەیە بەکاردێت و هەروەك هەندێ جار بەمانای (بوون)ی مرۆڤ وەك ئەوەی، کە پێویستە هەبێ و پێبگات بەکاردێت. ئەو لە شیعرەکانیدا زۆرتر وشەی (وجود) و (هەستی) بۆ زاراوەی (بوون) بەکارهێناوە.

**هەبوو هەر خودایە، بوون و بوونەوەران سەرچاوەگرتوو و سێبەری ئەون**

سەرەتا مەولەوی لەڕێگەی بەدیهێنەری بوونەوە سەیری بوون دەکات، ئەمەش لەم دوو بەیتەی ئەم تێکستەوە دەردەکەوێ:

**ئەی گرد مەوجودێ جە تۆ گرت مایە        مەوجود هەر تۆنی، ماسیوا سایە**

**پەنهان بی تەنها، وەحدەتت مەوج وەرد        پەی شناسایی ظهوور ێوەت کەرد** (1)

لە بەیتی یەکەمدا مەولەوی وەك عارفانو عارفانی فەلسەفی بەتایبەتی، سەبارەت بە هەبوون باوەڕی وایە «شتێك هەبووی ڕاستەقینەیە، کە ژیانی لە خۆیدا بێت، ئەوەشی کە بوونی لە دەرەوەی خۆیەوە هاتبێت، ئەوە بوونێکی زیادکراو (اضافی)یە - نەك لە خۆیدا بێت - حەق - خودا - هەبوویە،کە لە خۆیدا بۆیە زیندووە، ژیانیشی ژیانێکی تەواوەو مردن پێیناگات. هەموو دروستکراوەکانیش هەبوویەکن لە خوارووی خوداوەو ژیانیان جگە لە ژیانێکی زیادکراو هیچی تر نییە، بۆیە فەناو مردن پێیاندەگات». (2) هاوکات وەك وادەردەکەوێ، دوور نییە کاریگەری فەلسەفەی ئیسلامیی بەتایبەتی ئەو فەیلەسوفانەی کە کاریگەر بوون بە ئەفلاتون لەسەر مەولەویش هەبێت(3) ، لە دێڕی دووەمیشدا بەتەواوی ئەو ئایدیا عیرفانییەش، کە عارفان باوەڕیانوایە، جیلوەو دەرکەوتنی دروستکراوەکان - بە مانایەکی تر دروستکردنی دروستکراوەکان - بۆ ناساندنو ناسینی ئەوی پەنهانو نادیارە. (4)

هەروەها ئەو لە تێکستێکی تردا بوونو دروستکراوەکان، بە بەڵگە لەسەر جێدەستی خودا دەزانێ:

**باعث وجوود جەماە تا ماهی        دەلیل اثبات سنع ئیلاهی** (5)

بۆیە هەر لە سەرەتای ئەم شیعرەوە بەو بەیتە دەستپێدەکاتو ڕوودەکاتە خوداو بەهۆی هاتنە بوونی لە مانگ (ئاسمان)ەوە تا ماهی (ژێردەریا)ی ناودەباتو هەر ئەوانەش - دروستکراوەکانی دەستی خۆی - بە بەڵگە لەسەر جێدەستی پەروەردگار دادەنێت.

دواتر لەگەڵ خودادا گفتوگۆ دەکاتو دان بە ناشایستەییو گوناهباریدا دەنێتو خۆی بە عادەت گرتوو بە گوناه و بخۆرەوەی ژەهری بێ ڕەحمەتی خوداو لەیادچووی ڕێگەی حەقیقەت دەزانێ، کە یادی بۆ مەحبوبی حەقیقی - خودا - نییە، کە لێرەدا بەیتێك دێت، کە جێگەی لەسەروەستانە:

**موطن ئەصڵێت نە خاتر لوان        مێخ مۆبەتت نەڕووی خاك کوان** (6)

لێرەدا مەولەوی باوەڕی وایە ژیانی مرۆڤ لە کاتێکی ترو نیشتمانێکی ترەوە دەستپێدەکات، بۆیە بە خۆی - هاوکات بە ئێمەی مرۆڤی هاوڕەگەزی دەڵێت -

کە نیشتمانی راستەقینەت - کە مەبەست جیهانی رۆحەکانو بەر لە هاتنە نێو ژیانی دونیایە  - کە نیشتمانی ڕاستەقینەی مرۆڤەو چارەنووسی بۆ ئەو جیهانە دەگەڕێتەوە - لەبیرچووەتەوەو مێخی خۆشەویستیت لە خاکی دونیادا داکوتاوە، کە کاتیە، نەك هەمیشەیی‌و نیشتمان بێت. کەواتە مەولەوی جیهانەکەی تر - نەك جیهانی دونیا - بە نیشتمانی راستەقینەی مرۆڤ دەزانێت.

بوونی ڕاستەقینە لە تێپەڕاندنی ئەو (بوون)ەدایە، کە هەیە، بۆ ئەو (بوون)ەی، کە پێویستە هەبێ

مەولەوی لە دیالۆگە شیعرێکدا لەگەڵ پارچە شوشەیەکدا، و لەمیانەی بەراوردکردنی بوونی خۆی بە بوونی ئەو، دەڵێت:

**1. یاران گشت کەیف وەش، صەفا فراوان** — **یەك یەك وە ئەعلای مەقامان یاوان**
**2. گرد سەرشار مەی لەقا ئماوە** — **هەر من بەستەی خاك چەم ئەودماوە!**
**3. ئاماوە جواو ڕێزەی قەدیم ساڵ** — **بە زوبان حاڵ فەصیح تەر جەقاڵ**
**4. من سەنگێك بیم کەفتەی هەواران** — **بێ قەدرو قیمەت نارەوای شاران**
**5. گرتم نەگەردەن بێ باك و شادان** — **بەڵای پیك سەخت کوورەی ئوستادان**
**6. ورد بیم جۆشم وەرد تاویامەوە** — **تاوە ڕوتبەی بەرز سەرنیامەوە**
**7. عالەمێ تازە دیم هوەیدا بی** — **شەخسێ عەجیوتەر جە من پەیدابی**
**8. بیم بە بلوورێ پڕ جە صەفاو نوور** — **لایق وە صوحبەت بەزم سەلم و توور**
**9. گا جای (ماء الورد) عەتر عەبیر بیم** — **بۆ بەخش دەماخ شا تا وەزیر بیم**
**10. جەو بێ قیمەتی وەقیمەت یاوام** — **وە پایەی ڕوتبەی عالی سەرساوام**
**11. دەورەی دووبارەی ڕای حەق هەرکەس دیش** — **بۆی باخچەی ئەبەد مەیۆنە بینیش**
**12. جەو بۆ نۆ ئەو نوور هەڵای تاقی یەن** — **نە ڕێزەی من دا بەرقش باقی یەن**
**13. مەعدوومی سەر شار بەزم دڵ ڕێشی** — **تا تۆیچ چون یاران تەصدیع نەکێشی**
**14. نەگری وەگەردەن چی ها نەڕێت دا** — **پانەنییەی بەسەر وجوود وێت دا**
**15. کەی مەشی نە سیلك یاران هەم دەم** — **کەی ڕوتبەی عالی مەوینی وە چەم**
**16. هەرکەس تولد دوبارەش نی یەن** — **ئەڵبەت سەعادەت ستارەش نی یەن**
**17. هانە ئەشکەنجەی پەستی ی نەنگەدا** — **تا مەنزڵ گێرۆ نە سای سەنگەدا** (8)



وادەزانین ئەم بەکارهێنانو مانایەی (بوون - وجود) لەم تێکستەدا یەکێکە لە مانا قوڵ و گرنگەکانی لای مەولەوی، چونکە بەکارهێنانەکەی دەکەوێتە ناوبەند - کۆنتێکست - ێکی سیستیماتیکەوە کە هەموو بەیتەکانی شیعرەکە، نەك پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، بەڵکو بە گەشەکردنێکی ئۆرگانیی مەعریفی‌و هونەری بەرزدا دەڕواتو ڕەنگە بتوانین بێ زیادەڕەوی بڵێین یەك بەیەکی بەیتەکان - وێڕای کۆی تێکستەکە پێکەوە - شایانی لەسەروەستانو لێکدانەوەیە. بەهەرحاڵ مەولەوی بەگشتی لەم شیعرەدا لە بوونی خۆی ڕازی نییەو دەیەوێ لەو بوونەی کە تێیدایە بەرەو بوونێکی نوێ بڕوات، بە زمانی وجودیەکان لە بوونەوە بۆ ماهیەت، یان بوونی خوازراوەوە بۆ بوونی ڕەسەن بڕوات (9) . ئەو دەڵێت: ڕۆژێك بیرم لە بەختی ڕەشی خۆم دەکردەوە، کە بۆچی تەنها هەر نوشوستی‌و نزمی بۆ من دەهێنێ؟ ئەو نوشوستی‌و نزمیەش زیاتر لەوەدا دەبینێ کە، ئەو - بەیتی یەکەم و دووەم - : یاران هەمووو گەیشتن! هەموویان (مەی) دیدارو لیقای یاریان نۆشکرد، مەستبوون بە عیشقی ئیلاهیی، کەچی من هەر لە خوارەوەم - مەبەستی مانەوەیە بە نزمی لە پلەی پێگەیشتنی مەعنەویەتدا یان مانەوە لە ژیانی دونیادا - ، تەنها من نەبێت بەستراوم بە خاکەوە. مەولەوی لێرەدا کە شوشە عەترێك دەدوێنێتو ئەویش بە زمانی حاڵ وەڵامی دەداتەوە، کە



دواجار مەبەستیەتی بە بیانووی شوشە عەترەکەوە بەیانی پێداویستیەکانی بڕینی مەقامەکانی بوونو عیشق بکات. فەلسەفەی ئەو ئەوەیە ڕێگەی سلوککردنو تەیکردنی ڕێمان پێ پیشان بدات، کە لەم ڕێگەیەوە بتوانیت خۆت ببڕیت، ئەوەی کە هەیە - کە لە خۆیدا هەیە - تێپەڕێنێت، تا بگەیت بەوەی، کە پێویستە لە خودی تۆدا هەبێت. لێرەوە شوشەکە بە زمانی حاڵ هاتە قسە - بەیتی سێهەمو چوارەمو پێنجەم- و وتی: من بەردێکی بێ نرخ بووم، لەو شاخ و کێوە کەوتبووم، بەڵام ئەوکاتەی بە دڵشادیو بێ ترس - شوشەکە دەڵێ- ، ناڕەحەتی بەر پیك دانو خستنە کورەی وەستایانم - کەوا دەزانین هێمایە بۆ ئازارەکانی پەروەردەکردنی بەردەست پیرو مامۆستا مەعنەویەکان - قبوڵکردو - بەیتی شەشەم تا دەهەم - بە پیکەکەیان وردبووم - واتە بوونی یەکەمم، کە بەرد بوو تێکشکاو نەما - و لە کورەکەدا کوڵام - کە وادەزانین هێمایە بۆ سەختی گۆڕان و قۆناغە سەختەکانی پێگەیشتن لە مەعنەویەتو عرفاندا. تا گەیشتمە پایەیەکی بڵند، کە ئەو پایە بڵندەش ئەوە بوو کە، بینیم جیهانێکی نوێ - جیاواز لە جیهانی (بوونی) کۆنم - پەیدابوو کەسێکی نوێو سەرسوڕهێنەر لەنێو (من)دا پەیدابوو و بووم بە شوشەیەکی پرشنگدارو ڕوناکی وا، کە شایانی سەڵم و توور - کە دوو پاشابوون - بم - کە هێمایە بۆ مرۆڤە گەورەکان وەك یارانی مەولەوی ،کە لە بەیتی یەکەمدا باسیکردن - بۆیە واملێهات، جارجار گوڵاویان تێئەکردمو بۆنی خۆشم ئەدا بە لووتی پاشاو وەزیرانداو بەم جۆرە، لەو بێ بەهاییەی جارانەوە - کە لە بوونی کەرەستە خاویمدا کە بەرد بووم و ئەو قۆناغانەم نەبڕیبوو - بووم بە شتێکی بەهادار، یان مانایەکی تری وادەزانین ئەوەیە، کە ئەو دەڵێت، من بەهای خۆم لە بێ بەهاییدا دۆزییەوە! واتە دانم بە بێ بەهایی خۆمدا ناو ئامادەبووم خۆم بەوپەڕی خاکی بوونو نەمانی (منیەتی) و بەها بۆ خۆدانەنانەوە بخەمە بەردەست پیك و زەبری مرۆڤە مرۆڤسازەکانەوەو بەوەش - بەیتی یانزەو دوانزە - سوڕی دوبارە لەدایکبوونم بینی و سەرم گەیشتە پلە بڵندەکان ، بۆیە بەو بۆنەوەو هۆیەوە - ئەو دەڵێت - ئەگەرچی ئێستا شکاوم - واتە ئەگەر پیریش بم و لاواز - هێشتا مێشکی ئەو دوبارە لەدایکبوونەوە تێمدا ماوەو بریسکە دەداتەوە، دواتر ڕاستەوخۆ - دیارە بە زمانی حاڵ - بەیتی سیانزە تا حەڤدە - ئامۆژگاری مەولەوی دەکات و دەڵێت: تا تۆش وەك (من - یارانی خۆت) زەحمەت و سەختی کورەی مەعنەوی نەبینی و تا تۆش (نەگری وەگەردەن) - هەمان دەربڕینی قسەی شوشەکەیە لە بەیتی (5)دا - واتە قەبوڵی نەکەیت ئەو سەختیانەی کە لەو ڕێگایەدا هەیەو پێ نەنێی بەسەر بوونی خۆتدا - مەبەستی بوونی یەکەمە، کە پێنەگەیشتوویتو بە زمانی عارفان گیانلەبەری بەر لە گەیشتن بە مرۆڤی - و (منیەتی) ئەو قۆناغەت تێنەپەڕێنی و دەست لە خۆت هەڵنەگری و لێی بڵندتر نەبیتەوە، ئەوا کەی دەچیتە ڕیزی یارانتو چۆن پایەی بڵند بە چاوی[10] خۆت دەبینی؟ چونکە، تا جاری دووەم - تۆو هەرکەسێکی تر - لەدایك نەبیتەوە، ئەوا ئەستێرەی خۆشبەختیت لێهەڵنایەت و بەوەش گەر وانەکەیت، ئەوا لە ئازاری پەستی - هەمان وشەی بەیتی یەکەمی دیوانەکە - واتە نزمیدا، کە مایەی نەنگیە تا ئەمریو دەچیتە گۆڕ بەوجۆرە دەمێنیتەوە، واتە دواجار شیعرەکەی مەولەوی پێماندەڵێت بەر لە گەیشتنمان بە گۆڕی مردنی ڕاستەقینە، دەبێت خۆمان لە گۆڕی مەعنەوی - مردوویی و نەگۆڕان - بەرەو لەدایکبوونی دووەمو بە مرۆڤبوونی ڕاستەقینە ڕزگار بکەین.

## ماناکانی بوون لای مەولەوی

مەولەوی باوەڕی بە دوو جۆر بوون بۆ مرۆڤ هەیە. بوونێك کە بوونێکی پۆزەتیڤو مرۆڤسازەو بوونێکیش، کە بوونێکی نێگەتیڤ و لەناوبەری مرۆڤە. ئەم دوو چەمکەش هەندێ جار بە زمانی مەعریفەو هەندێ جاریش بە زمانی هەست دەردەبڕێت.

**أ- بوونی ڕاستەقینەو مرۆڤساز:**

کە ئەم جۆرە لەم چەمکانەدا دەردەکەوێت: (بوون) لە یەکیەتی لەگەڵ خوداو پەیوەستبوون بە جیهانی مەعنەویەوەیە. بوونێك دەتوانێ بە هەمیشەیی بمێنێتەوە، کە ئاوەکەی مەی و خاکەکەی خڵتەی شەراب و بەنناکەی ساقی بێت. تەنها مەستیی مەعنەوی، دەتوانێ لەناوبەری ناخۆشیەکانی (بوون) بێ. سروشت، ئەو مامۆستایەی، ڕێگەی تێکوپێکدانی سروشت و (بوون)ی یەکەمیی مرۆڤی فێرکردین!. (بوون) ئەو جیلوەی خودا، کە خودا لێی بێ نیازە!. (بوون)ی تاریك و گەوهەری شەو درەوشاوەی مرۆڤە مەعنەویەکان. ڕزگاربوون لە ئازارەکانی ژیان، لە دۆزینەوەی نهێنییەکانی (بوون) بە مەستیی مەعنەوی دایە. نەك تەنها

دەروازەی گۆڕ، بەڵکو دەروازەی (بوون) یش لەبەردەم ئارەزووی گەڕانەوە بۆلای دۆست- خودا-دا بچوکە!. عرفان ئەو ئاگرەیە، کە (بوون)ی نائارامی مرۆڤ دەسوتێنێ!. مەی مەعنەوی، ئەو ئاگرەی خاشاکی (بوون)ی مرۆڤ دەسوتێنێ).

شاعیر لەمیانەی شیعرێکیدا [11]، کە لەگەڵ پیرەکەی – کە م.مدرس باوەڕیوایە بۆ شێخ عوسمان سیراجەدینی نوسیوە – دەدوێو لە بەیتی (1) تا بەیتی (10) باس لە گەورەیی پیرەکەی بە دەرخستنی خەسڵەتە عرفانییەکانی دەکات. لە بەیتی (10) بەدواوە باس لە هاتنی نامەی دۆستو پیرەکەی دەکات کە گەیشتووەو لە ناوەڕۆکەکەیدا گلەیی خۆشەویستی لە شاعیر دەکات، کە بۆچی نامەی بۆ نانێرێت، ئایا کاغەز بڕاوە بۆ نامەنوسین یان عەیبی لێدێت بە نامە دۆستی یاد بکاتەوە؟. ئەو – پیر – داوای لە مەولەوی کردوە بە غەمبار دانەنیشێ – واتە پیر دەزانێ مەولەوی خەفەتبارە – و داوای خەم بە بادانی لێدەکات، چونکە زەمانە – فەلەك – واتە پیر وای وتوە – ناهێڵێ کەس بە دڵشادی بمێنێتەوە. لێرەوە لە یەکەم وتەیدا بۆ پیر – یەکەم وەڵامی شاعیر کە لە بەیتی (15)ەوە دەستپێدەکات کە دێڕی مەبەستی ئێمەیە – دەڵێت:

**ئەوەڵ من کێنان وجودم جەکۆن** **وا چوون دۆسەنان شەرت قەبوڵ تۆن** [12]

واتە لێرەدا هەست بە (فەنا) بوونی شاعیر لە پیردا دەکرێتو ئەو دەڵێت: یەکەم من چیم – واتە هیچ نیم لە بەرامبەرت – تا بڵێم دۆستی تۆم و نامەت بۆ بنوسم، گرنگ ئەوەیە تۆ بە دۆست پەسەندم بکەی:

**ئەر وە بێگانە وەر خوێشم زانی** **تۆ حەساوەنی وە هەرچیم وانی**

تۆ خۆت گرنگ و حسێبی ئەگەر بە بێگانەم دابنێیت یان دۆست. واتە لێرەدا مەولەوی هەموو کاروبارەکانی دەسپێرێ بە دۆست – پیر – و بە مەعنەوی خۆی دەمرێنێ و فەنا [13] دەکات لەبەردەم پیردا وەك ئەوەی لە مەرجەکانی سلوکدا هاتووە، کە دەڵێت ئەبێ مورید ویستو بڕیارو کاروباری هەمووی بداتە دەست شێخ (کالمیت بین یدی الغسیل – وەك مردوو لەبەردەستی مردووشۆردا) ئەمەش پاش متمانەی ڕەهاو خۆسپاردن بەو دێت [14] . بەم جۆرە مەولەوی لە بەیتەکانی دواتردا باس لە گەورەیی پیر بە بەراورد بەخۆی – کە خۆی بە بچوك دادەنێ – دەکات، بەڵام ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە، کە لە بەیتی (28 – 30) کە سێ بەیتی کۆتایی شیعرەکەیە، مەولەوی جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ باسی (فەنا) بوون – بەڵام ئەمجارە لەنێو شێخدا نا – بەڵکو لەنێو خودادا. ئەو دەپاڕێتەوە کە:

**تەنیای حەقیقی نەردێ بشانۆ (من) و (تۆ)** **جە دەس (من) و (تۆ) سانۆ**
**(تۆ) بێ (تۆ) لوگفت پەی (من) زیاد بۆ (من)** **بێ (من) رۆحم وە خزمەت شاد بۆ**

لێرەدا بەڕوونی شاعیر داوادەکات، کە تەنهای ڕاستەقینە – خودا – زارێ هەڵبدات و (منییەتی) و (تۆیەتی) لە (من) و (تۆ) وەربگرێتەوە! – واتە خودمان نەمێنێ – (تۆ) بە بێ (تۆ) یت لوتفو میهرەبانیت بۆ من زیاد بێ – واتە پێویست بە نامەنوسین بۆتو نامەکاری نەمێنێ – و (من) بەبێ (من)یەتیو خۆیەتیم رۆحم بە خزمەتگەیشتن بە تۆ شاد بێ، واتە وامان لێبێت کە هەردوکمان پاش فەنابوونو بەجێهێشتنی پێوەرە باوەکانی دوورو نزیکی فیزیکیو پەیوەندیە فیزیکیەکانی وەك نامە بۆ یەکتر نوسین، جارێکی تر مانەوە (بەقا) و (بوون)ێکی نوێ بەدەستبهێنینەوە، کە بەبێ خودیەتیمان – واتە بێ ویست – و بە گەیشتنەوە بە سروشتی ئەو – خودا – کە رۆحەکان کۆدەکاتەوە – لەودا بەیەکتر بگەینەوە.



واتە بە دەربڕینێکی تر بڵێین مەولەوی، کە داوای فەنابوونی (من) و (تۆ) دەکات، ئەوە داواکردنی گەیشتن بە حەق (خودا) و یەکیەتی (اتحاد)ە لەگەڵ ئەودا دەکات کە لوتکەی ئامانجی عرفان و عارفانە [15]، کە مرۆڤ (عارف) بەوە هەست بە گەیشتنی بە خوداو وەرگرتنی سیفاتی (بوون)ی خودا دەکات و بەوەش


مەولەوی

بە گەورەیی (بوون) و بوونی ڕاستەقینە دەگات. لێرەدا مەولەوی بەڕوونی داوا لە خودا دەکات، کە هەردووکیان - خۆی و پیرەکەی - بە پلەی (یەکیەتی - اتحاد) بگەیێنێ، تا لەوێدا تەنها خودا هەبێ و (من) و (تۆ)یی بە هەموو پاشکۆکانییەوە لەوانەش خەمی نزیکیو دووریو نامەو نامەکاری نەمێنێ، چونکە ئەویش بە زمانی حاڵ دەیەوێ ئەوەمان پێبڵێ - دووریش نییە کاریگەری لەسەر مەولەوی نەبێ - ، کە عارفی گەورەی ئێرانی (شێخ مەحمودی شەبەستەری) [16] وتویەتی:

**جناب حضرت حق را (دوئی) نیست در أن حضرت، (من) و (ما) و (توئی) نیست**
**(من) و (ما) و (تو) و (او) را هست يك چيز كەدر (وحدت) نباشد، هيچ تمييز**
**شود با وجه باقی غير هالك [17] يكی گردد سلوك و سير و سالك [18]**

(لە خزمەتی حەزرەتی حەق - خودا - دا (دوو)یی نییە، لەوێدا (من) و (ئێمە) و (تۆ) نییە. (من) و (تۆ) و (ئەو) هەمووی یەك شتە، چونکە لە (یەکێتی)دا جیاکردنەوە نییە. لەگەڵ دەرکەوتنی خودادا شتی تر تیادەچێت، لەوێدا سۆفیو ڕێگاکەیو ئامانجەکەی دەبن بە یەك).

لێرەوە مەولەوی کە داوای گەیشتن بە فەنابوونو یەکێتیو نەمانی (من) و (تۆ)یی دەکات، وادەزانین بڵندتر دەڕوانێت لە (پیر)ەکەیو ڕەنگە زیادەڕەوی نەبێ، گەر بڵێین لێرەدا ئەم دەبێ بەپیرو موراد بۆ (پیر)ەکەی [19] ، چونکە ئەم قوڵبینتر دەڕوانێو نایەوێ جیابوونەوەی عرفانی (تفريق) بکرێت.

لەلایەکی ترەوە مەولەوی دەیەوێ هەر بەمەش - فەنابوونو یەکێتی لەگەڵ مەعشوق (خودا)داو نەمانی (من) و (تۆ)یی - لەدەست دەردو ئازاری هەمیشەیی خۆی - کە دوورییە لە یاران - چ دووری فیزیکی بێت لەم جیهانە، یان دووری مردنو عرفانی - کۆچکردنی دۆستانی بۆ جیهانی بە دیدار گەیشتنی یار - خودا - ڕزگاری بێتو بۆیە هەر چوار بەیت لە پێش ئەو بەیتانە - بەیتی (25، 26) - ئەوە دەسەلمێنێ، کە دەڵێت:

**سێ یەم، خەمگینیم جەدەس خەجڵەتەن خەجڵەتم جەدەس سەختی ی غەفڵەتەن**
**یاران وێنەی صاف مەی، وەکامەوە ویەردەن، چون دورد هەر من مامەوە [20]**

لێرەدا مەولەوی سێهەم هۆکاری نامە نوسینی بۆ پیرەکەی، بۆ سەرقاڵی بیرکردنەوە لە یارانی کۆچکردوو دادەنێت، کە بە خۆشیو مەی مەعنەوییەوە گەڕانەوە بۆلای دۆستو تەنها ئەم

وەك خلّتەی شەراب لەم دونیایە ماوەتەوە!، واتە دواجار مەولەوی (بوون)ی ڕاستەقینە لە فەنابوون و یەکیەتی لەگەڵ خوداو پەیوەستبوون بە جیهانی مەعنەویو عرفانەوە دەبینێ.

- مەولەوی لە شیعرێکیدا بەوە دەستپێدەکات کە (ساقی – خودا) ئێمەی بێ ویستی خۆمان هێناوەتە ئەم بوونو ژیانەو بێ ویستیش دەمانئێرێتەوە!. تەنها لەم ژیانی دونیاشدا ئەوەی بۆ ئێمەیە ئەوەیە، کە خواردومانەو ئەوی تر بەجێدەمێنێ، ئەمەش دەقەکەیە:

| | |
|---|---|
| **1. ساقی ئاوەردەو گرد کیاستێنین** | **وریا بەردێن و کردە ئاستێنین** |
| **2. حاڵ ماچی ئاسا هانە گوزەردا** | **مقیم مسافر ڕەنگ نە سەفەردا** |
| **3. قافڵە کۆچ کەردەن، بەرزەن دەنگ زەنگ** | **وڕان حوجرەی خان، وجوود سەنگ بە سەنگ** |
| **4. هۆسای تای شاوڵ دانش وە مشتی** | **بەناباشی بورج دیواران گشتی** |
| **5. قەدەم ڕەنجەکەر وەلای کارەوە** | **بنچینەم وە تەرح مەی هۆردارەوە** |
| **6. عەمارەتیوەن بیناش باقی بۆ** | **ئاو مەی، خاك دوردی، بەناش ساقی بۆ** [21] |

دواتر پێماندەڵێ – بەیتی دووەم – کات لە دونیادا لە گوزەرو تێپەڕینی بەردەوامدایەو (ئێستا)ش وەك (ڕابردوو) لە تێپەڕیندایەو نیشتەجێ (مقیم) لەم بوونو ژیانەدا وەك سەفەری وایە! و دواتر – بەیتی سێهەم – ئەو پێیوایە، کاروانی یاران کۆچیکردوە – مردون و چوون بۆ جیهانەکەی تر، وەك بڵێ منیش لەو کاروانە بەجێماوم – دەنگی زەنگی – دەنگی هەواڵدانو ئاگادارکردنەوە – ئەو کۆچی کاروانە بڵندە – یەك بەیەکی حوجرەی – ژووری (بوون) – بوونی لەشمان م.مدرس وایلێکداوەتەوە – بەرد بە بەرد ڕوخاندوە – دەکرێ لێکدانەوەیەکی تریشی بەوە بۆبکەین، کە مەولەوی باوەڕی بە مردنی ساتەکی (لحظوی)، کە جۆرێکە لە مردنە عرفانییەکان [22] ، هەیەو باوەڕیوایە مردن کتوپڕ ڕونادات، بەڵکو سات بە سات – بەرد بە بەرد – لە ئێمەدا ڕوودەدات. ئەوەشی ئەم لێکدانەوەیەمان بەهێز دەکات ئەوەیە، کە مەولەوی باوەڕیوایە هەموو شتەکانی بوون چ وەك شوێن و چ وەك کات لە تێپەڕینو گوزەردان، وەك پێشتر لە بەیتی دووەمدا ئەوەی دەربڕی، کە دواجار گەیشتن بە مردنیش، جگە لەو تێپەڕینی ژیانە هیچی دیکە نییە!. لێرەوە ئەو، کە باوەڕی وایە خانی – بینای (بوون)ی خۆی ژوربەژور بەرەو ڕوخان چووەو ڕوخاوە، بۆیە – بەیتی چوارەم تا شەشەم – پەنا بۆ وەستای ئەزەل – خودا – دەبات – کە بە وەستای تای شاوڵ بەدەست ناویدەبات – تا دوبارە (بوون)ی – بوونی مەعنەوی قوڵ –ی بۆ دروستبکاتەوە، چونکە ئەو، تای شاوڵی زانستی دروستکردنی – پێوەری ڕێکخستنو دروستکردنی بوون بە بوونی مرۆڤیشەوە- بەدەستەوەیەو باش وەستای بەرزکردنەوەی هەموو دیوارەکانی بوونە – بە دیوارە ڕوخاوەکانی خانی (بوون)ی شاعیریشەوە – تا، ئەو باش وەستایە بێتو بە مەی – مەعنەویەت و عشق – ڕەنگی بوونی دوای ئەو ڕوخانە دابڕێژێتو بناغەی بوونی – بوونێکی نوێ – دووبارە بەرزبکاتەوە، چونکە تەنها بوون و بینایەك – ئاوەدانییەك – لە بووندا بتوانێ بمێنێتەوەو فەنا نەبێو بە هەمیشەیی بمێنێتەوە، ئەوەیە کە ئاوەکەی مەی – مەعنەویەتو عشق – و خاکەکەی خلّتەی شەراب- پاشماوەو شوێنەواری مەعنەویەتو ڕێبازی عارفان [23] – و بەناو دروستکەرەکەی ساقی-خودا- بێت.

- مەولەوی لە شیعرێکیدا [24] بە گفتوگۆ لەگەڵ (دڵ)دا دەستپێدەکات – کە لە عرفاندا (دڵ) – جگە لەو مانایەی کە لە پەراوێزی (1)دا ئاماژەمان پێکرد – هێمایە بۆ ئەو شوێنەی خاڵی بەیەکگەیشتنی نهێنی ئەزەلیەتو ئەبەدیەتو پەردەی نێوان جیهانی نادیار (غیب) و دیار (شهادە)یەو شوێنی دەرکەوتنی جیلوەی جوانی (جمال) و شکۆ (جلال)ی خودایە [25] - و شاعیر بەو (دڵ) دەڵێت زیپکەی تاداری نەخۆشی بە لێوتەوە دەبینم و حاڵت یەگجار بە پەشێو دەبینم و وەك باڵدارێك دێیتە بەرچاوم، کە هەڵۆ فڕاندویەتیو هۆشی لەلا نەماوەو بەجۆرێك سەرت لێتێکچووە، کە ئەوەی کە نەتکردووە وائەزانی کردووتەو ئەوەی کە کردوتە، وادەزانی نەتکردوە! بەم جۆرە شاعیر بەردەوام دەبێت لە باسکردنی ئەو بارودۆخە نالەبارەی دڵو پەیتا پەیتا دەیەوێ ئارامی بکاتەوە بەوەی، کە تۆ گومانت چۆن بوو بۆ دۆست – خودا – ئەویش بەو جۆرەیە، کەواتە گومانت باش بکە (بەیتی دوای 6) و نائومێد مەبە (ولا تیأسوا) ، بە بیری خۆت بهێنەرەوەو ئەوەی تێپەڕی ڕۆیشتو



هەوڵ بۆ ماوە (باقی) بدە – دەکرێ هێما بێ بۆ خودا، یان مەبەستی ئەو تەمەنو ژیانە بێ کە ماوە –، بۆیە لێرەوەو پاش کەمبوونەوەی شڵەژانەکەی‌و پەیداکردنی ئومێدەوە داوا لە دڵی دەکات هەوڵی بۆ ماوە (باقی) بدات و وەك عادەتی خۆی پەنا بۆ دونیای مەعنەویەت‌و عرفان دەباتەوەو دەڵێت: ئەی دەروێشی [26] دەف ژەن و ئەی نەی ژەن – بەگشتی هێمایە بۆ مەستی و شادی مەعنەوی – نۆبەتانە، ساقی دە تۆش لەگەڵیان هۆش بدە بە دەف و گوێ بدەرە ئاوازی نەی و مەی – مەستی بە عشقی یار – بگرە بەدەستەوەو بینێ بە لێوتەوە تا:

**ویەردە ویەرد، هەوڵێ پەی باقی** ‏ ‏ ‏ **ئەمجار یە دەروێش، یە نەی چی و ساقی**
**هۆش وەصەدای دەف، گۆش وەنەوای نەی** ‏ ‏ ‏ **دەس وەشیشەوە، لێو وەجام مەی**
**صەفات جەفا دۆ وە قەفای هەستی** ‏ ‏ ‏ **نۆشا نۆشت بۆ دەواچەی مەستی [28]**

تا صەفا [29] و پاکبوونەوەی مەعنەویەت – بەدەستی مەی و مەستبوون – شەپازللەیەك بە پشتی ملی (بوون)دا بکێشێ‌و دەرمانی مەستی – مەبەستی مەعنەویەتە – نۆشی گیان بکەیت‌و (بوون)ت بیربچێتەوە!.

کەواتە لێرەدا شاعیر بەڕوونی دەڵێ تەنها مەستیی مەعنەوی دەرمانەو دەتوانێ لەناوبەری جەفاو ناخۆشیەکانی (بوون) بێت، کەواتە لێرەدا (بوون) بە مانا فیزیکیەکەی زیاتر دەردەکەوێ، کە کاری جەفاو ناخۆشیدانە بە مرۆڤ و مرۆڤیش پێویستی بە هێزێکی مەعنەوی خۆشی بەخش – بەڵام خۆشی بەخش بە پەیوەندیکردن بە هێزی ئەزەلیەت‌و خوداوە نەك خۆ بێهۆشکردن – هەیە تا بتوانێ ڕووبەڕووی ناخۆشیەکان‌و شتە ناپاکەکانی ژیان ببێتەوە.

- مەولەوی لە شیعرێکیدا، کە سەرەتاکەی بە وەسفی سروشت‌و هاتنی بەهار – لە بەیتی 1-7 – دەستپێدەکات، بەڵام لە بەیتی حەوتەوە، لەنێو باسکردنی دیمەنەکانی سروشتی بەهارەوە، لەگەڵ چەمی زەڵم – وەك کارەکتەرێك – دەکەوێتە گفتوگۆو لە باسکردنی سروشت‌و شوێنکاتەوە بەرەو سەروو شوێنکات‌و شتە ئەنتۆلۆژی‌و قوڵەکان دەڕوات‌و پێی ئەڵێ:

**1. چەنی جە هەستی وێت تەواسایت** ‏ ‏ ‏ **چەنی جۆش عەشق مەجنوون ئاسایت**
**2. بدیە چۆن هۆردان وەنام و نەنگدا** ‏ ‏ ‏ **بێ پەروا مدۆوینش وەڕووی سەنگدا**
**3. های ساقی! هەڵای سەرمایەی خامی** ‏ ‏ ‏ **ئەدۆم وە دەس ڕای نێکنامی**
**4. با وەرە وەش وەش سادەی هەی پەی کەی** ‏ ‏ ‏ **تاف قەڵوەزەی ساف شیشەی مەی**
**5. مەوجم بنچینەش بدۆ وە هەم دا** ‏ ‏ ‏ **هەستیم دۆ وە بەرد هەرد عەدەم دا [30]**

واتە ماشەڵڵات لێبێت – بەیتی یەکەم‌و دووەم – دەستخۆشیلێکردنە – لەو بێزاربوون‌و یاخیبوونەت لە (بوون)ی خۆت، کە لە جۆشی عەشقی وەك مەجنونیتەوە واتلێهاتووە عەیبەت خستوەتە لاوەو لە ناوو ناتۆرە – ئەمە بیری سۆفیگەری مەلامەتیە [31] – ناترسی‌و بێ پەروا خۆت دەدەی بەو تاشو بەردە – واتە کۆسپەکانی ڕێ – دا. لێرەوە شاعیر ئەم دیمەنەی زەڵم – سروشت‌و شوێنکات – بەرەو مەسەلە قوڵەکانی سەروو شوێنکاتی دەبات‌و ڕوودەکاتە ساقی – خودا – و پێی دەڵێ – بەیتی سێهەم تا پێنجەم – ئەی ساقی – خودایە – من هێشتا – خامی – پێنەگەیشتن – کە لای عارفان بۆ ئەوانە بەکاردێت، کە لە سەرەتای ڕێگادان‌و پێیان نەخستوەتە دۆڵی عشق‌و پێگەیشتن‌و تێگەیشتنی مەعنەوییەوە [32] . نامداتە دەست ڕێگای ناوو ناوبانگی باش – واتە ناوباشیی عرفانی نەك ناوبانگی دونیایی – بۆیە، دە ساقی تۆ خۆت بۆ کەی هەڵگرتووە دەسا زووکە لە تاڤگەی سافی [33] شوشەی مەیەکەتەوە، تاڤگەی (مەی)م بۆ بەربدەرەوە تا بەو قەڵبەزەو تاڤگەی

مەی – عەشق و یاخی بوون و مەعنەویەت – منیش وەك زەڵمم لێبێتو شەپۆلەکانی، بنچینەی (بوون)م بدات بە تاش و بەردی نێو خودی خۆمدا (بوون)م بدات بە تاش و بەردی عەدەمدا – جیهانی نابەرجەستەو ئەزەلی و فراوانی پشتەوەی جیهانی سروشتی مادی [34] –

کەواتە مەولەوی لێرەدا بەڕوونی لە (بوون)ی خۆی ناڕازیەو دەیەوێ لە (بوون)ەوە بۆ (هەبوون) وەك عارفان دەڵێن بڕواتو هەر ئەمەش – خۆدان بە دارو بەردا، کە تێکوپێکدانی سروشتی یەکەمی ئەوە – لە خۆیدا مردنی ئیختیاریەو هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە لەدایکبوونێکی تر، کە ئەوەش بە گەیشتن بە جیهانی عەدەم دەبێت.

– مەولەوی لە غەزەلێکدا [35] – کە م.مدرس باوەڕیوایە وەڵامی نامەیەکی شاعیر ئەحمەد بەگی کۆماسییە، کە بۆ مەولەوی نوسیوەو باسی یار دەکات – کە لە بەیتەکانی سەرەتایدا، جگە لە چەند بەیتێك، کە ئاماژە بە هاتنی نامەیەك دەکات، کە دێڕە ڕەشەکانی بە ڕۆشنایی ئاوی حەیات لەنێو تاریکیدا دەچوێنێ، دواتر جگە لە باسی ڕۆحی زیندووکەرەوەی نێو نامەکە، باس لە جوانی یار دەکات، کە دواتر پەیتا پەیتا دەردەکەوێ، کە ئەو یارە یاری عرفانی مەعشوق – خودا – یە، چونکە لە بەیتی (15) و (16)دا بەڕوونی دەڵێت: ئەو – یار – نهێنییە، ئەو نازە، ئەو کەوانەو ئەو تیرە، ئەو هەبووە، هەیە، هەر دەبێو ناگۆڕێ. ئەو ئێستای دەستلەملانی ئایندەیەو ئایندەشی وەك رابردووی یەك شتە! – کە دیارە ئەم وەسفانەش تەنها هی خودایە، هەروەها لە بەیتی (18)دا– وەك م.مدرس هەستی پێکردوە– باس لەوەدەکات، کە ئەو ئازیزە هەر ڕۆژێك خەریکی ئیشێکەو هەر تاوێ بەجۆرێك خۆی پیشان ئەدا [36] و نیشانەیەکی تایبەتیی هەیە، کە (م.مدرس) جوانی بۆچووە کە ئاماژەیە بۆ ئایەتی (کل یوم هو شأن...). بۆیە ئەو – خودا – جارێك وەك ئەستێرەی تاریکایی بەرەبەیان ئەگەشێتەوەو جارێکی تر وەکو مانگ ئەدرەوشێتەوەو جارێکی تریش وەکو ڕۆژ ڕوناکی دەداتەوە، کە ئەمەش بەگشتی تێڕوانینی عارفانەی مەولەوی سەبارەت بە (بوون)یش دەردەخات، کە بە دەرکەوتەو جیلوەی خودای دەبینێ[37] . دواتر دێتە سەر بەیتی جێگەی مەبەست کە باسی (بوون)ی تێدایە:

**گا وە بێستوون هەستی ی بیناوە        حوسنش وە گوڵ گوون وەش ئیستیغناوە** [38]

جارێکیش جیلوەو بوونی – واتە ئەوی خودا – لە دروستکردنی بینای بووندا – بە ئاسمانەکانیشەوە، کە وەك سەقفی بینای بوونە – دەردەکەوێت، کە بەبێ کۆڵەکەو ڕاگر – ستوون – ڕایگرتووە. کە وادەزانین ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئایەتی (الله الذی رفع السماوات بغیر عمدِ ترونها) (الرعد:2)، نەك بۆ کێوی بێستون، کە م.مدرس وایلێکداوەتەوە [39]، چونکە وشەی بێستون لە فارسیدا بەرلەوەی ناوی شاخەکە بێ، بە مانای بێ کۆڵەکەو ڕاگر دێت. ڕەنگە هۆکارێکی ئەم بۆچوونەی م.مدرس بۆئەوە بگەڕێتەوە، کە مەولەوی دوای ئەم بەیتە ڕاستەوخۆ باس لە دەستی شیرینو تاقی فەرهاد دەکات، بەڵام ئەگەر وردبینەوە لەو بەیتەش، ئەگەرچی لەڕێگەی بەکارهێنانی هونەری ڕەگەزدۆزیەوە دەکرێ مەبەستێکی نزیکی شاعیر ئەوان بن، بەڵام مەبەستی دوورو بنەڕەتی بریتی نییە لەوان، بەڵکو بریتیە لە خودا، چونکە کە دەڵێت:

**دەستی شیرینش ماوەرۆ ئەو یاد        فەرهادی نە تاق فەرقەکەی فەرهاد** [40]

ئەوا جێناوی (ش) کە لە هەورامیدا بۆ کەسی سێهەمی تاکە، لە وشەی (شیرین)دا بۆ ئەو – خودا – دەگەڕێتەوەو ئەو فەرهادیی – واتە دەستڕەنگینی – لە فەرقی – سەری – فەرهاد دا دروستکردو ئیتر ئەو هونەری بەرهەمهێنا!. ئەمەش لای شاعیرە عارفەکانی تری جگە لە مەولەوی دەبینرێ [41] ، واتە لێرەدا مەولەوی (بوون) و بینای بوون بە جیلوەی خودا دەزانێ، کە ئەو جیلوەش خۆی لێی بێ نیازو پێویستیەو بۆ ئێمەی مرۆڤە.



ئەو لە شیعرێکدا، کە وادەزانین شیعرێکی عرفانی عاشقانەیە بۆ (پیر) یان کەسێکی مەعنەوی پایەبڵندی لای شاعیر، نوسراوە، چونکە لە بەیتی یەکەمدا ئەوکەسە بە خۆری ئاسمانی جوانانو زیادکەری داخو خەفەتی دیدە وەك ئاسکەکان دەزانێت:

**خورشید سەمای شیرین جەماڵان        ڕەشك ئەفزای گرۆی دیدە غەزاڵان** [42]

ئەو لەناویاندا ئەوەندە جوانە هەرچەندە کە سەیری دەکەن - بە دیدەی وەك غەزالیانەوە - بەخیلی پێدەبەن و داخی دڵیان زیاددەبێ. دیارە لە فەرهەنگی عارفاندا دیدە - بینینی پشتەوەی شتەکان وەك باسمانکرد، زۆر بایەخی پێدەدرێ - لێرەشدا شاعیر دەستەواژەی (دیدە غەزاڵان - چاویان ئاسکانەیەی) بەکارهێناوە کە ڕوانینی ئاسکانە هێمایە بۆ چاوتیژیو هەستیاری، کە وادەزانین مەبەست ئەوەیە ئەوانە بە دیدی مەعشوق (خودا) دەبینن، چونکە لە فەرهەنگی عرفانیدا (غەزال - ئاسك) بۆ خودا بەکاردێت [43]. ئینجا مەولەوی دەڵێت:

**دانەی شەو چراغ خەزانەی هەستی        مەزەی نەشئەی عەشق بادە پەرستی**

«لێرەدا شاعیر دەڵێت: ئەی گەوهەری شەو درەوشاوەی گەنجینەی (بوون)!، ئەی ئەوکەسەی وەك مەزە - پێشەکی بۆ مەستی - خۆشی بەخشی بادەپەرستانی، کە بادە لە عرفاندا هێمایە بۆ عیشقی خودایی، و (مەی)یش بەمانای زاڵبوونی عشق بەکاردێت» [44] و بەیتی دواتر ئەو لێکدانەوەی ئێمە بەڕوونی دەسەلمێنێ:

**دەرگای مەدینەی حوسن مەحبوبی نوور        ئەفزای دیدەی جەرگەی یەعقووبی**

شاعیر پێیدەڵێ: تۆ دەرگای شاری جوانیی مەحبووبی - کە دیارە عارفان دەرگای جوانی خودان - زیادکەری ڕووناکی چاوی ئەوانەی - دیدە غەزاڵان کە پێشتر هاتبوو - کە چاوەڕێی یار دەکەن.

کەواتە مەولەوی ناڕاستەوخۆ (بوون) بە تاریك دەبینێو مرۆڤە مەعنەویەکان - عارفان - بە گەوهەری شەو درەوشاوەی نێو ئەو تاریکی بوونە دەبینێ، کە چێژی عەشقی خوداییین بۆ ڕێبوارانی ڕێگەی مەعنەویەتو دەرگای شاری جوانیی یار - خودان - و زیادکەری ڕوناکی چاوی ئەوانەن کە چاوەڕێی یار دەکەن.

- مەولەوی لە سەرەتای شیعرێکیدا سکاڵا لەدەست ساردی خۆشەویستەکەی، کە بە ئازیزی بێ گەرد ناویدەبات - کە دەلالەتەکانی دواتر بۆنی عرفانیان لێدێت - دەکات، کە ئەو ساردیی مەیلی یارە، جۆگەی خوێناوی گەرمی دڵی شاعیری لەناو چاوەکانیدا مەیاندوەو کردویەتی بە سەهۆڵ!

ئەو - یار - :

**دەست بێ ڕەحمیش دانە سینەی شەوق** [45]        **گر وەردان نە جەرگ جەستەی هەستی ی زەوق** [46]

یار دەستی بێ ڕەحمی بەسەر سنگی شەوق - تامەزرۆیی کە زۆرجار وەك دواتر دەردەکەوێ، لای شاعیر ژیان لەوەدایە - کێشاو بەو دەستە گڕی بەردا لە جگەری - مەبەست دڵی - جەستەی (بوون)ی زەوق و شادی ئەو، واتە بە ئازاری ساردیو بەستن - ئازاری سوتان و گڕبەردان لە بوونی ئەویکرد - واتە خستیە دژیەکی (پارادۆکسیکاڵ) و شڵەژانەوە - کە وادەزانین نزیکە هەردووکیان هێما بن بۆ گوشین - قبچ - لای عارفان کە مەعشوق - خودا - مورید دەخاتە نێو نارەحەتیو ئازاری رۆحییەوە بە مەبەستی پێگەیاندنی[47]. دواتر شاعیر درێژە بە باسی ئەو ئازارانەی دەدات، کە دیارترینیان بە تیری دەردی دابڕان (مەهجووری) دڵی کون کون بووە، بۆیە هانا بۆ هاودەردانی دەبات، کە جەوری یارەکەی ڕەگی دڵی لەبن دەرهێناوە، بۆیە داوادەکات هاودەردانی بەدەمیەوە بێن، چونکە حاڵی بێحاڵەو لە دووری یار جەستەی سوتاوەو داوادەکات ببینن، کە چۆن خەم پێشێلی کردوە، بۆیە پەنا بۆ ساقی دەبات:

**بزاندێ خەم چۆن کەردەنیم پاماڵ** **دەخیلم ساقی گەردەن سیم قاڵ**

تا:

**جامێ جە مەعجوون دەرد ئەوگاران** **دورد وامەندەی بەزمەکەی یاران**

ئەو داوا لە ساقی - خودا یان پیر کە لێرەدا ئەگەری یەکەمیان بەهێزترە - دەکات، کە جام یان پیاڵەیەك لە دورد - پاشماوەو خڵتەی شەراب، کە وەك پێشتر وتمان هێمایە بۆ پاشماوەی خۆراکی مەعنەویەتی عارفان [48] - بەجێماوی ئاهەنگی یارانی بداتێ. «کە دورد خواردن، یان - دُردکەنان - لە عرفاندا هێمایە بۆ ئەوەی کە عارفە گەورەکان - وەك دەوڵەمەندەکان - مەی دەخۆن[49]، بەڵام عارفە هەژارو نوێیەکان یان بەجێماو لە عارفە گەورەکان، شەرابی خڵتەداری پاشماوەی ئەوان دەخۆن» ، واتە لێرەدا مەولەوی داوا لە ساقی دەکات، ئەگەر دورد - خڵتەی پاشماوەی مەی یاران - عارفان - یش بێت - بیداتێ، تا:

**پێم دەر تا ڕیشەی هەستی کەرو پەی** **قوربان تۆیچ، نەی چی، دەستێ بەرپەی نەی**[50]

بەو مەیە بناغەو قوڵایی (بوون) سۆراخ بکەم [51] - نەك (بوون)م لە بن داببڕم وەك م. مدرس وایلێکداوەتەوە [52].
دواتر بە نەی ژەن دەڵێ، دەسا تۆش ئەی نەی چی - کە وتمان نەی و نەیستان هێمایە بۆ جیهانی یەکەمو ڕەسەن، کە مرۆڤ لەوێ بووەو هاتووەتە ئێرە[53]، تۆش - شاعیر دەڵێ - قوربان - بەڕێزەوە - دەست بەرە بۆ نەیەکەت و ئاوازی ئەو جیهانە ڕەسەن و ئەزەلیەم بۆ لێدە.
کەواتە مەولەوی باوەڕی وایە مرۆڤ بە مەی عرفانی دەتوانێ لە خەم و ئازارەکانی ژیان رزگاری بێت، ئەمەش بەهۆی دەرکەوتن و دۆزینەوەی نهێنییە گەورەکانی بوونو بیرهاتنەوەی جیهانی یەکەم و ڕەسەنی خۆییەوە دەبێت.
- مەولەوی لە شیعرێکیدا، کە وەك دەردەکەوێ لە شوێنێکە کە دۆستی لێیە - کە م. مدرس ئەوکەسە بە شێخ دەزانێت - کە دیاریشی نەکردوە کام شێخە، زیاتر پێدەچێ شێخی بەهادین بێت - بەڵام ئەگەرچی لەیەك شوێندان، دەرفەتی یەکتر بینینتان نییە - ئەمە لە بەیتی سێیەمدا دەردەکەوێت -. ئەم خەمەش وا لە شاعیر دەکات پەنا بۆ ساقی - خودا - ببات، کە هەم سکاڵای لا دەکات و هەم داواکاریشی لێی هەیە:

**ساقی، دەس چەرخ هەر هانە کاردا** **تای تانتەی دووریش بەستەن وە داردا**[54]



ئەو دەڵێ: ئەی ساقی! گەردوون - کە زۆرجار شاعیر بەناوی جۆراوجۆر وەك (چەرخ، فەڵەك، گەردوون...هتد) گلەیی لێدەکات - وەك (جۆڵا) دەستی هەمیشە لەکاردایەو بە تان و پۆکەی - کارەکانی - پۆشاکی دووری - دووری لە ئازیزان - م بۆ دروست دەکات، بۆیە:

**سەروەخت هەستی جەدەس وەردامەن          تەدارەك خەیر ئارۆو فەردامەن**

بەهۆی ئەوەوە وەختی لەدەستدانی (بوون)مە - کە درکە (کینایە)یە بۆ مردن - و خۆم ئامادەکردوە بۆ رۆیشتنی بەخێر لە ئەمڕۆو سبەی دا. بۆیە:

**تەمامەن بەرات قەبچ و حەواڵەم          دێرەن کەرەم کەر بدەر پیاڵەم**
**تا هیممەت وا زوو وەك یەك پەیمانە          خاڵی بۆ چێمەیچ گۆشەی مەیخانە**

شاعیر پێماندەڵێت: بەراتی خۆم بە تەواوی بە راستەوخۆ (قبض) یان حەواڵە بۆ سەر سەرکار دەستکەوتووە، تەنها پیاڵە - شەرابی مردن - م ماوە درەنگە ئەویشم بدەرێ، با بە نۆشکردنی گۆشەی مەیخانە - ژیان - بەجێبهێڵم.

واتە لێرەدا - بەپێچەوانەی جارانی تر کە هەست دەکات گوناهبارەو بێ توێشووەو کاتی مردنی نەهاتووە، یان هەندێ جاری تر دەڵێ با نەمرم هێشتا جوانم و ئارەزووەم زۆرە [55] - ستایشی مردنو داوای مردن دەکاتو باوەڕی وایە، ئەوەی ویستویەتی بە ڕاستەوخۆ یان حەواڵە دەستگیری بووە - واتە ئامادەیە - بۆیە بە ساقی دەڵێ درەنگەو بەخشندەیی بکەو تەنها (مەی) - شەرابی مردن - م ماوە، بمدەرێ.

لێرەدا مەولەوی داوای هیممەت دەکات، کە هیممەت لای عارفان - وەك عەبدولڕەزاقی کاشانی باسیدەکات - بەمانای ئەوەیە خواستو ئاراستەی هەموو دروستکراوەکان بەرەو حەق - خودا - یەو عارفیش وایلێبێت هەموو شت - بە عرفان خۆشیەوە - بخاتە لاوەو تەنها ئاراستەو مەبەستی دیداری حەق بێت[56] - بۆیە شاعیر داوای هیممەت لە ساقی دەکات، ئەوەشی بەیەك پەیمانە - پەیمانە بەمانای بادەو شەرابی حەقیقەتە، کە بە بینینی ڕۆشناییە مەعنەویەکانی نادیاری (غیب) لە دڵی عارفدا بەدەستدێت[57] ، یان بەمانای زاڵبوونی عشق - عشقی دیداری حەقە، کە ئەمەیان ئەگەری زیاترە - دێت. تا بەوەش گۆشەی مەیخانە - کە م.مدرس بە جیهانو دونیای داناوەو وادەزانین دەکرێ بەمانای جیهانی رۆحانی - واتە جیهانی عرفان یان خانەقاش[58] بێت - لە ئێمە خاڵی بێت، واتە لەوێ نەمێنین و بڕۆین.

- مەولەوی لە شیعرێکیدا کە بەگشتی باس لە دیاردەی پیری مرۆڤ دەکات و دوو دێڕی یەکەم و دووەمی شیعرەکە بەشێوەیەکی دژیەکانە - وەك لایەنی هونەری و تاڕادەیەکیش وەك ئایدیاو هزر - کاردەکات و لە بەیتی یەکەمدا شاعیر دەڵێت: ناوچەوانم دانەویوەتەوەو ئارەزووی ئەوەی هەیە بگا بە ئەژنۆم، چونکە پیری وادەی هاتووەو ڕێزگرتنی پێویستە وەك ئەوەی چەمانەوەی جەستەی لەبەر ڕێزگرتن بێت لە هاتنی دیاردەی پیری. ئەم دیاردەیە لای مەولەوی دەبینرێ، کە هەندێ جار ڕوودانی دیاردەیەکی بایۆلۆژی ڕووت بەرەو مانایەکی عرفانی و مرۆڤانەی قوڵ دەبات - واتە لێرەدا چەمینەوەی جەستە، هۆکارەکەی بۆ سەردانەواندنی لەبەردەم گەورەیی دیاردەی پیریی مرۆڤ دەگەڕێتەوە:

**پێشانیم هەوەس زانووش جازمەن          تەعظیم جەناب پیری لازمەن [59]**

بەڵام لە بەیتی دووەمدا، ئارەزووی - بەپێچەوانەی چەمینەوەوە - بڵند بووەتەوەو ئارەزووی چوون بۆ ئەولاتری[60] پەستی - دونیا - دەکات:

**باڵاکەردەوە مەیل ئەولای پەستی          وردیکڵانەن دەروازەی هەستی**

کە مەبەست لێی ئارەزووی مردنو گەڕانەوەیە بۆلای دۆست. لێرەدا وادەزانین مەبەستی مەولەوی لە دەروازەی بوون - جگە لە ڕایەکەی م.مدرس کە پێی وایە

مەبەست لێی گۆڕە – کە ئەمەش جێگەی سەرنجە، کە شاعیر گۆڕ بە دەروازە بۆ (بوون)ی راستەقینە دەزانێ[61]. ئەوەیە کە دەروازەی بوون بە دونیاو گۆڕیشەوە لەبەرامبەر ئەم خولیا بڵندەی مرۆڤ – عارف – دا، نەك هەر بچوکە، بەڵکو – وردیکەڵانە – واتە وردیلەیە!.

شاعیر لە شیعرێکدا باس لە حاڵی دەکات، کە شەو هاتووەو هەر خەمە لە کەمیندایە بۆی‌و هەر ئازارە دەیدات بە زەویدا! دڵیشی لەنێو گەردەلولی بێزاری و تاقەتی لە گێژەلوکەی بێ تاقەتیدایە، بۆیە پەنا بۆ جیهانی مەعنەویەت‌و عرفان دەبات:

**سا، دەروێش! وەعیشق مەولای دەروێشان** **وەیاهووی وەسۆز ڕیاضت کێشان**
**هەر پاسە مەبۆ زەلیلی، دەخیل** **چینەزیاتەر مارم وەزەلیل**
**بابەیۆ وەش وەش سۆزەی صەداکەت** **لەرەی نەوای تەرز شیرین ئەداکەت**
**بەو نائیرەوە، بەو دائیرەوە** **خاس بنییەر هەستیم وە ئایرەوە** [62]

لێرەدا شاعیر پەنا بۆ کارەکتەری (دەروێش) دەبات: کە هێمایە بۆ کەسێك کە بایەخ بە دونیاو وابەستەکانی نادات‌و لە هۆشیاریەوە نەخواستەنی هەڵدەبژێرێ [63]. داوا لەو – دەروێش – دەکات و سوێندی دەدات بە عیشقی (پیر)ی دەروێشان‌و هاواری (یاهو- یا خودا)ی ئەو خواپەرستانەی کە ڕیازە ئەکێشن- بە پراکتیك لە عرفاندان – کە هەروا لە دەستەوەستانی‌و زەلیلی دا نەیهێڵێتەوەو نەهێڵێ لەوە زیاتر دەستەوەستان بێت، بەڵکو وەك ئەو دەڵێت، بۆ نیشاندنەوەی جۆشی کەفوکوڵی مەنجەڵی دەروونی، خوێیەك پێویستە، کە بریتیە لەو کزەیەی کە پەیدائەبێ لە لێدانی دەفەوە بە لەپی دەست، بۆیە با بێت خۆش خۆش دەنگی سۆزو لەرەی ئاوازە شیرینەکەت، تا ئەو ئاگرە – مەبەستی ئاگری سۆزی دەنگی خۆشیەتی – و بەو کەللەی دەفەیەوە، ئاگر بنێ بە بوون – (بوون)ی نائارامم – ەوە، تا بەڵکو بەوە ئەمشەو خەم کەڵەکی فڕوفێڵی تێکبچێت‌و تا سەحەرو بەرەبەیان خوا گەورەیەو کێ دەزانێ سوڕانی چەرخ چۆن دەبێت!، کەواتە: مەولەوی لێرەدا باوەڕی وایە ئاگری مەعنەویەت‌و عرفان پێویستە بۆ سوتاندنی بوونی نائارامی مرۆڤ، تا بتوانێ لەگەڵ دەستەوەستانی‌و خەمەکانیدا هەڵبکات.

– هەروەها مەولەوی لە شیعرێکدا [64]، لەکاتی شەودایەو وەك دەردەکەوێ شەوەکە شەوی بەراتە – کە لە کوردەواریداو وەك کولتوری ئاینی ناو خەڵك کە شاعیریش باوەڕی پێیەتی – بە شەوی کەمکردنەوەو زیادکردنی تەمەن‌و ڕۆزی دادەنرێت‌و شاعیر لەوشەوەدا دەبینێ دەفتەر – کە لای عارفان وەك هێما بۆ لاپەڕەی دڵ و هەروەها تەمەن بەکاردێت[65]. بەدەستی میرزای ئەزەل – واتە نوسەری ئەزەل – کە خودایە – ەوەیەو خەڵکی دڵیان خۆشە، چونکە یەکێك خۆراکیی نوقڵی قسە خۆشەکانی یاریەتی‌و یەکێك ژیانی بریتیە لە دیداری یار – دوڵبەر، بەڵام شاعیر دەڵێ من – ئەی یاران - چیم لێدەکەن، چونکە من ئەمشەو سەیری چارەنووسی خۆمم لەو دەفتەرەدا کرد، بینیم بەشم نۆشینی ژاری دووری دۆستە – پێچەوانەی دیداری یاری کەسەکەی پێشوو – و نەبیستنی قسە خۆشەکانی یارە، پێچەوانەی کەسەکەی تری پێشتر کە نوقڵی قسەی خۆش دەنۆشێ – و بەکورتی دەڵێ من بەدبەختی لە چارەنووسم نوسراوەو تا دوایی...، بۆیە دەڵێ یارانم تێپەڕین – مردن – و نۆبەی منە، دە ساقی – خودا – ئێستا سەرەی مەستی منە بە مەی مەعنەویی‌و دەرخستنی جوانییە مەعنەویەکانتەو ڕێکخستنی ئاهەنگە تا فوارەی وشکبووی لوولەی ئێسقانە برینداره‌کانم، هەریەکە لە ئاستی خۆیا پرژی زووخاو فڕێبداتە دەرەوەو:

**وە شنۆی نەشئەی مەستیم وانۆوە** **یەك ئەمجار جەدەس هەستیم سانۆوە** [66]



تا بە شئەی ئەو پرژ هەڵدانە – لێرەدا پرژی مەی ساقی مەبەستە – بڕیارو خواستی مەستیم بخوێنیتەوەو بەیەکجاری لەدەست بوون – ئەو بوونە نالەبارەی کە پێشتر باسیکرد – وەربیگرێتەوە یان بڵێین رزگاری بکات.

کەواتە: شاعیر باوەڕی وایەو داوای ئەوە لە ساقی دەکات، کە لەدەست نالەبارییەکانی (بوون) بە مەی – عشقی مەعنەوی – مەستی پرژێنی بکات و بەیەکجار

لەدەست (بوون) – کە دەکرێ مەبەستی داوای مردنی فیزیکی بێت، یان مردنی ئیختیاری و عرفانی بێت – وەربیگرێتەوەو رزگاری بکات.
– لە شیعرێکدا [67]، کە شاعیر بەگشتی باس لە هاوین – هاوینی سروشتیو فیزیکی – دەکات، کە چۆن هاتوو خۆڵەمێشی بەسەر گوڵانی بەهاردا پرژاندو...هتد، بەڵام پەیتا پەیتا – شاعیر وەك عادەتەکەی خۆی کە شتە شوێنکاتی و ئاساییەکان بەرەو سەروو شوێنکات، یان مەسەلە ئەنتۆلۆژیەکانی ناخی مرۆڤ دەبات – بەرەو هاوینی دەروونو ناخو سوتانو گەرمی دووری دەبات، وەك لە بەیتی شەشەمدا بەڕوونی دەڵێت: دووریت – خۆشەویستی نادیار! – ئاگری بەردایە ماڵی دڵە وێرانەکەم. بەم دووریەش زیاتر هەستی سوتانو ئاگراوی بوون لای پەرە دەستێنێ، بۆیە دەڵێت: ئێستا ئاگری ئارەزووی دۆست و ئاگری وەرزی هاوینو ئاگری دڵم و ئاگری بەدبەختی دەوری داوم، بۆیە باوەڕی وایە لەنێو ئەو هەموو ئاگرو سوتانەدا – کە چەند گەردێکی ماوە – ئێستا کاتی بادەی ئاگرینی ساقی یە، کە سوێندی دەدات بە عەشقی پیاڵەی شەرابی چاوە مەستەکانی و تێکچوونی زوڵفەکانی [68] لە داوێنی کڵاوەکەیەوە کە:

**بابەی مەی بەڵکم ئایر مەستی**      **سۆچنۆ یەکسەر خاشاك هەستی** [69]

ئەو داوادەکات لە ساقی – خودا – کە با مەی مەستی بێت، بەڵکو بەو ئاگری مەستیە – عشقی و مەعنەویو عرفانی– یەکسەر پەلوپوشی – خاشاك کە چەند جارێکی تر ئەو لێکچواندنەی بۆ (بوون)ی خۆی بەکارهێناوە – (بوون)ی بسوتێنێ و نەمێنێ.

ب- بوونی نێگەتیف و لەناوبەری مرۆڤ

ئەم جۆرەش لەم چەمکانەدا دەردەکەوێت: ((بوون) ی شەرمەزاریهێنەرانەی مرۆڤ، لە ئاوەژوبوونەوەی ڕێکی و ناڕێکییەکاندایە!. (بوون) ی ساختە، لە دەرچوون لە سروشتی (خۆ) دایە، لافاوی خوێن، (بوون) ی شاعیری خستووەتە گێژاو و چارە لە مەستبوون تا سەردەرهێنان لە حەشردایە!. دووریی دۆست، ئەو با بیابانییەی کە کێڵگەی (بوون)ی شاعیری سوتاندووە!. دووریی دۆست، ئەو شەختەو با پایزیەی (بوون) ی شاعیری بردوە. لافاوی کۆچ و دووریی دۆست، ڕەگی (بوون) ی شاعیری بردوە، خەمی دووریی ئازیز، (بوون)ی شاعیر بەرەو عەدەم دەبات. خۆشەویستیی و دووریی دۆست، (نەبوون) ی مرۆڤ دەکات بە (بوون) و (بوون) ی بە (نەبوون)).

– مەولەوی لە شیعرێکیدا [70] بە گلەییکردن لە دڵ – کە (دڵ) لای عارفان دەروونی گۆیا (نفس ناطقه) [71] و شوێنی لێکدانەوەی ماناکان و کۆگای نهێنییەکان، بەتایبەتی نهێنییەکانی حەقە [72] – دەستپێدەکات، و بەبیری دەهێنێتەوە کە ڕێگاکە – مەبەست ڕێگەی مردنە – زۆر تاریکەو پردی پەڕینەوەی مرۆڤ – صراط – زۆر سەخت و باریکە. دواتر بەردەوام دەبێت لە باسکردنی گرانی ئەو سەفەری پاش مردنەو داوای خۆئامادەکردن لە خۆی دەکات، کە چرایەك بۆ ئەو تاریکاییەو بارێك – با کەمیش بێت – بۆ ئەو سەفەرە سازبکاتو ئەگەر گوناە ڕێگای ڕاستی لەبیربردوەتەوە ئەوا شوێن پێی یاران بگرە بەر. بەم جۆرە بەردەوام دەبێت لە باسکردنی گوناهباریو شەرمەزاری خۆی، لەبەردەم مرۆڤە مەعنەویە گەورەکاندا وەك پێغەمبەر (د.خ) و یارە مەعنەویەکانی و بە خۆی دەڵێت، گەر باکت لە شەرمەزاری خۆت نییە، ئەوا بیر لە شەرمەزارکردنی ئەوان – کە جێگەی بایەخ و خۆشەویستی تۆن – یان شەرمەزاربوون لەبەردەم ئەواندا بکەرەوە:

**بارێ ئەغەفڵەت دام تەندەن نەڕێت**      **نی یەنی وەتەنگ شەرمەساری ی وێت**
**بەڵ لەو دیوان دا دێوانەی سەرشێت**      **خەجاڵەتی ی بەزم یاران نەیۆ پێت**
**ئەو بەشەرمەوە مدیۆ بەوەردا**      **من مشیۆ کام خاك کەروون وە سەردا** [73]

تا دەگات بەوەی پەنا بۆ نەی ژەن [74] – خودا یان پیر – دەباتو سکاڵای حاڵی خۆی دەکات، لەو شتانەش کە سکاڵای خراپی حاڵی لێدەکات، ئەوەیە کە:

**بینای وجوودم خەجڵەت ئەساسەن**      **بەختم موخالیف، نامەدیم ڕاسەن**

لێرەدا بنچینەی بینای (بوون)ی خۆی، بە دامەزراو لەسەر شەرمەزاریی دەبینێ. بەختی خۆی بە ئاوەژوو پێچەوانەو نەگبەتی خۆی بە ڕاست! - واتە بە دژیەك - دەزانێت، واتە هۆکاری ئەوەی، کە شاعیر بنچینەی بونیادی بە شەرمەزاری دەزانێت کە لادانی خۆی لە ڕێگەو ترسان لە شەرمەزاربوون لە یاران - بەیتی (6) - و شەرمەزاربوونو سەرئێشە دروستکردن بۆ پێغەمبەر (د.خ) - بەیتی (16) و کۆتایی - دەزانێتو ئەمەش بە حاڵەتی ئاوەژووبوونەوە - ناڕێکبوونەوەی ڕێکی و ڕێکبوونەوەی ناڕێکی! - لە خۆیدا ناودەبات.

کەواتە مەولەوی لێرەدا بەڕوونی لە (بوون)ی خۆی وەك ئەوەی، کە هەیە قایل نییەو بوونی بە ئاوەژوو و مایەی شەرمەزاری دەزانێ.

- شاعیر لەمیانەی شیعرێکیدا [75] ، کە گفتوگۆی نێوان شاعیرو پارچە شوشەیەکە - کە شیعرێکی سەراپا عرفانی قوڵە- شوشەکە باسی بەسەرهاتی خۆشیو ڕابواردنی خۆی دەگێڕێتەوە، کە وەك ئەستێرە لە کۆڕی گەورەکاندا دەدرەوشایەوەو جارێك بووە بە پیاڵەی مەیو جارێك بە شوشەی گوڵاو پرژاندنو جارێك لێو بە لێو لەگەڵ جوانانداو جارێك دەست لە ملی باڵا جوانانو...هتد، تا وام لێهات - شوشەکە دەڵێ - کە (بوون)م بێ ئەندازە بەدەرو مەستیم کۆمەڵو جەم بوو و لە ئاستی سروشتیی خۆم دەرچوو (طغیان)م، وەك تافو سەردەمی لاوی تۆ - ئەی مەولەوی - وابوو! تا واملێهات کە، لەڕووی نەزانییەوە، ئەو ڕابواردنو ئەو کۆییو قەرەباڵغی ئازیزانە وایلێکردم، کە وابزانم ئەم ژیانی خۆشیە جاویدانیو هەمیشەیی دەبێت:

**هەستیم بێ شومار مەستیم وە کۆ**      **بی توغیانم چون تاف جوانی ی تۆ بۆ!**
**جە ڕووی نادانی ئەو بەزم و ئەو جەم**      **وە جاویدانم منمانا وە چەم** [76]

کەواتە مەولەوی پێیوایە دەکرێ مرۆڤ - کە لە زمانی شوشەوە ئەوە دەگەیەنێ - لەنێو ئاڵوگۆڕی کۆمەڵدا ئەو ئەرکو سروشتەی کە بۆی دیاریدەکەن - وەك شوشەکە کە جارێك پیاڵەو جارێك شوشەی گوڵاو...هتد و بەکارهێنانی لە خۆیدا - نەك بۆ خۆی - وابکات کە وێنای چەندین بوونی ساختە - کە ڕاست نینو وەهمن - وەك بوونی ڕاستەقینەو ڕەسەن بکات [77]. بەوەش لە ئاستی سروشتی خۆی دەردەچێت (طغیان). کە لێرەدا مەولەوی ئەو حاڵەتەش بە تافی لاویو پێنەگەیشتوویی خۆی دەچوێنێ!.

- شاعیر لە غەزەلێکدا [78] بەوە دەستپێدەکات، کە یار بە شەرمەوە لە پەنجەرەی نازەوە سەیری کردووەو تاڵەکانی ڕیشەی جەرگی - مەبەستی دڵە چونکە لە ئەدەبیاتی کۆندا جەرگ لەبری دڵ [79] بەکارهاتووە - یەك بەیەك بە گازی سەرنجی دەرکێشاوە. پەترۆی سەر قەتماغەی زامەکەی دوبارە لابردووە - کە خەریك بوو سارێژ دەبوو - و دوبارە زامەکەی تازە کردەوە، چونکە یار بە پەنجە بێگەردەکانی تیرێکی تێتەقاندمو دای لە پەڕەی دڵمو تا بن چەقی. لافاوی خوێن گۆلاوی دەروونی پڕ کردو سەریکردو لە دیدەمەوە وەك لافاو جۆشا، بۆیە:

**خاشاك هەستیم هۆرگرت جە ناو بەرد**      **وستش نەگێجاو تەنوورەکەی دەرد** [80]
و پەڵاش سوکمی هەڵگرتو



مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس

لەو ناوەدا نەیهێشتو خستیە نێو گێژی تەنورەی  - شوێنی لوولخواردنی ئاو کە شت قوت دەدات - دەردو ئازارەوە، بۆیە ئێستا ئەو - مەبەست بوونییەتی - ئەوەتا لەنێو دەریا - دەریا لای عارفان بەمانای بوون - بوونی ڕەها خودا - دێت [82] - بێ کۆتاییدا - کە ئەم وشەی بێ کۆتاییە بۆچوونەکەمان بەهێزدەکات:

**ئیسەها نەتۆی بەحرەکەی بێ پەی**

بۆیە بەمە پەنا بۆ ساقی- خودا- دەباتەوە لەدەست خۆی- لافاوو دەریای بێ پایان [83] - و بەڕوونی پێیدەڵێ:

**ساقی جەو جامە، یا ها دات بە کەی**

لێرەدا بەڕوونی داوا لە ساقی دەکات، کە لەو جامی جەمەی، کە داویەتی بە کەیخەسرەوی پادشای ئێران، کە بەدوای نەمریدا گەڕاوە - کە لای عارفان ماناکەی گۆڕاوەو هێمایە بۆ دڵی عارف [84]، و عارفان کە گەورەن و بەدوای شتە نەمرەکاندا دەگەڕێن - دڵۆپێك بەویش بدات، تا بەوە مەستو بێهۆش بێت، تا ئەوکاتەی سەر لە مەحشەر و ژیانەکەی ترەوە دەردەهێنێت:

**وە قەترەی منیچ ئاویاری کەر**
**مەست بوو تا مەحشەر سەربارو ئەوبەر** [85]

لێرەدا وادەزانین مەولەوی، بەڕوونی داوا لە ساقی دەکات مەی عرفانی پێبدات تا مەست بێ و بێ هۆش بێت و لە (بوون)ی خۆی و لەم جیهانە تاریکە فانی بێت.
- مەولەوی لە شیعرێکدا [86] بەڕووکردنە کەسی دووەمی تاك - خۆشەویستەکەی - کە بە هۆگربوو بە خەیاڵی ئازارە پڕ زامەکانیو بە مەرهەمی جەستەی ماندووی بەدبەختی ناویدەباتو دواتر دەڵێت: دەمێکە لەشی وەك پووشم لەبەر گێژەلوولی دەریای دووریو دووکەڵی تەنوورەی لێکجودابوونەوەو دابڕان لێت کەوتووەتە لاوە، چونکە هیچ باسێکی تۆم بەرگوێ نەکەوتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا شاعیر داخوازی لە خودا دەکات و ئاواتەخوازەو لەو پێشبینی دەکات، کە ئەوی دۆست لە خۆشحاڵیو شادی دا بێتو لە پیاشاخان لەگەڵ گەردوون ئازادو بەدووربێت (ب:4) و دەستلەملانی بەختەوەری بێت و تەمەنی بە خۆش رابواردنی عوشرەت لەگەڵ یاراندا بەسەربەریت، نەوەك، وەك ئەم - شاعیر - لەدەست بێ مەیلی یار هەر ساتێك هەزار دەردیسەری بکێشێ، چونکە هەمیشە دڵشکاوی لێکجودابوونەوەیە لە یارو بەندی جەفاو ئازاری زنجیری زوڵفی نیگار - یار - م، بەتایبەت:

**خصوص شەرارەی دووری زۆر کەردەن**
**مەزرەعەی هەستیم وای سەبوون بەردەن**

بەتایبەتتر کە گەرمایيو تینی (شەرارە) [87] یان ئاژاوەی دووری زۆری بۆهێناوم و کێڵگەی (بوون)م بای سەبوون - بای زۆر گەرمی بیابانی - لێیداوە. دواتر باس لەوەدەکات ئەمەش بەهۆی مەینەتو گرفتاری دۆستی بێ وەفاو گیرۆدەبوون بە دووریەوە بووە.
کەواتە: (بوون) لێرەدا بەمانای (بوون)ی دەرەکی نایەت، بەڵکو بەمانای بوونی مرۆڤ - بوونی شاعیر - هاتووە، کە بەهۆی گەرمای دووری دۆستی وەك بای گەرمی بیابانەوە، کێڵگەی - واتە سەوزايیو نیشانەی ژیانو زیندوویەتی - (بوون)ی ئەوی بردووە.

دووباره مۆتیڤی بای گەرمی بیابانی خەم، ئەوشتەیە بەهاری (بوون)ی شاعیر دەژاکێنێ. ئەو لە شیعرێکدا لەگەڵ بای نەسیم دەدوێ و پێیدەڵێ وا بەهار هات و هێشتا یار نەهاتەوە، بۆیە تۆ تەشریف ببە بۆلای و نامەو ڕاسپاردەیەکی بۆبەرە کە، ناوەڕۆکەکەی باسکردنی خراپی حاڵی ئەمە لە دووری ئەو و دوائەنجامەکەی وایلێکردووە کە:

**والحاصڵ سەمووم بای تاڵەی سستیم** **پەژمردە کەردەن وەهار هەستیم** [88]

واتە دوائەنجام بای گەرمی بەدبەختی، بەهاری (بوون)می ژاکاندوە، چونکە تا بڵێی خەرمانی خەمم کۆو بە ئارەزووی ئەو دوژمنانەیە، کە ئارەزوویان دووری تۆیە لە من.
کەواتە: دوبارە خەمباری دووری لە یار ئەو شتەیە، کە بەهاری (بوون)ی شاعیری ژاکاندوە.
لە شیعرێکی تردا، بەپێچەوانەی مۆتیڤی بای بیابانیی و گەرمی دووریەوە، شاعیر شەختەو سەرمای دووریی لە (بوون)ی دەدات. ئەو لە شیعرێکدا [89]، کە سەرەتای بە هەواڵی بەدەستگەیشتنی نامەی دۆستێکی دەستپێدەکاتو ئەمیش پاش باسکردن لە زام کولاندنەوەی بەوە – کە بە کۆست کەوتن – و دانی دڵی ئاگراوی بە نەوتدا وەسفدەکات، داوای هاتنەوەی لێدەکات لە کوێستانو تا لە نزیکی یەکتریدا خەمیان کەم ببێتەوەو سکونەت بەدەستبهێنن، چونکە بای سەختی مەینەت تەمی هەڵکردوەو گەڵای سەرچڵی خۆشی شاعیری هەڵوەراندوە، بەڵکو:

**جۆی چەمەی شەوقم هەم یەخ کەردەوە** **مەزرەعەی هەستیم شەڵتە بەردەوە**

بەهۆی ئەوەوە جۆگەی سەرچاوەی چاوی ئامەزرۆیی – کە وێمان ئامەزرۆیی لای مەولەوی وەك خولیا زۆر هاتووە – بووە بە سەهۆڵ و کێڵگەو کشتوکاڵی (بوون)ی – ژیانی – ئەوی شاعیر – شەڵتە – شەختەو سەرمای سەختی پاییز [90]– لێیداو فەوتاندی. کەواتە دواجار دووری لە دۆست ئەو شتەیە، کە کێڵگەی (بوون)ی شاعیر لەناودەبات.
– مەولەوی لە شیعرێکدا [91] ، کە وەك دەردەکەوێ بۆ کۆچی دۆستێکی نوسیوە – م.مدرس باوەڕی وایە بۆ لاواندنەوەی عەنبەر خاتوونی نوسیوە – بەوە دەستپێدەکات: ئەی ڕۆشنایی چاوم تاکەی تەشریف نابەی[92] وەك ئەوەی مەولەوی چوونو لەدەستدانی چاوەکانی وەك ئەنجامێکی چون بەدوای یاردا بزانێ!
تۆیش ئەی لێڵی چاوم! لافاوی خوێن بکە:

**ئەی ڕۆشنی ی چەم! تاکەی؟ تەشریف بەر** **لێڵاوی، سادەی! هووناوەی هوون کەر**
چونکە:
**پەی جێش قیبلەکەم عەزم سەفەر کەرد** **سێڵاو دووریش ڕیشەی هەستیم بەرد**
**بۆچی قیبلەکەم – یارم – بڕیاری سەفەری دا؟** **لافاوی دووریی ئەو ڕەگ و ڕیشەی بوونمی برد!.**



کەواتە: لای مەولەوی کۆچ و دووری یار، لافاوێکە ڕەگ و ڕیشەی بوونی شاعیر – واتە بوون لێرەدا دوبارە خودییە نەك بابەتو وەك ماهیەتێك لە دەرەوەی مرۆڤ – ی بردوە.
دووبارە مۆتیڤی ئاو – هاژەی تاڤگە – بۆ هەمان مەبەست لای شاعیر بەکارهاتووە. ئەو لە شیعرێکدا [93] باس لە داخی دووری دۆست و کزەی زامی کڵپەی دڵی دوورکەوتوو لە دۆستو سوتانی بەوەو جۆشی دڵ – کە بە مەنجەڵی هەڵچووی شوبهاندوە – و فوارەی فرمێسکی سەد ڕەنگ کردوە دەکات، بەجۆرێك کە:

واژاوش چون تاف ڕیشەی هەستیم بەرد ڕیشەی کۆتەری جەرگم بەراوەرد

ئاوی سەرکردووی گوێ حەوزی چاوم، ڕەگ و ڕیشەی بوونمی بردو ڕەگی داکوتراوی جەرگمی - دڵ - ی دەرهێنا. واتە دووری - دووری عاشقانە زیاتر لە عارفانە - وەك هاژەی ئاو ڕەگ و بناغەی (بوون)ی بردوە.
- مەولەوی لە شیعرێکدا [94]، کە سەراپا تا کۆتایی بەگشتی باس لە دووریو فیراق دەکات، کە لەسەرەتادا - بەیتی 1 - چەمانەوەی باڵای بە ئەنجامی دورکەوتنەوە لە یار دەزانێو لە ناوەڕاستدا - بەیتی 4 - دەڵێ: سینەی وەك ئامێری سەمتوورم بە هاواری بەرز بە سەد جۆر ئاوازی دووریت لێدەدات و لە پێش کۆتاییشدا دەڵێ: بۆیە گلاراوم - ئۆقرەم نەماوە [95]-، چونکە لە تۆ جیابوونەوەمەو کاتی ڕۆیشتنێکە، کە گەڕانەوەی بۆ نییە - درکەیە بۆ مردن [96] - بۆیە دواجار هەموو ئەو نەهامەتیو ئازارانە وادەکات، کە شاعیر وا خۆی ببینێ، کە:

**پووشەکەی هەستیم، گیاکەی پای چەم**
**وای نیستی ی فەنا بەردش پەی عەدەم**

لێرەدا شاعیر (بوون)ی وەك پووش و گیای ڕزیوی گوێ چەمەکان دەبینێ، کە بای نەبوونە، فەنا بردویەتی بۆ عەدەم (نەبوونی). واتە لێرەدا (عەدەم) بەمانا ئاساییەکەی کە (نەمانە) بەکارهاتووە، نەك بەمانا عرفانییەکەی، کە جیهانی نابەرجەستەو نادیار دەگرێتەوە. شاعیر خەمی ئەو دووری و دابڕانە لە ئازیز (بوون) ی ئەوی وەك پووشی بەر بای نەبوونیی فەنا بۆ جیهانی عەدەم بردوە.
جارێکی تر مۆتیڤی ئاوو فرمێسك، ئەوشتەیە نیشانەکانی (بوون)ی شاعیر دەبات. ئەو لە شیعرێکدا [97] باس لە خەمی دووری یار دەکاتو باس لەوەدەکات کە تۆپەڵە دووکەڵی یا بڵێین - دووکەڵی بەسەریەکدا هاتووی [98] دووری یار وەك پارچە هەور کۆبووەتەوە بەسەربانی سەریەوەو دواتر دەبێ بە خوێناو و لە پلۆسکەی چاویەوە شۆڕاوگە دەبەستێ و تا:

**لافاو کووچەی جەستەی زوخاڵی هەڕگاو هەستی هەرچی بوو ماڵی**

ئەو دەڵێت: لافاوی فرمێسکە خوێنینەکەم، کە بەچاوما دێتە خوارەوە، بە کۆڵانی لەشی سووتاوی ڕەش بووەوەما - شاعیر - ڕۆیی و هەرچی نیشانەیەکی (بوون) م پێوەمابوو هەمووی ڕاماڵی و لەگەڵ خۆیا بردی.
کەواتە: ئەمجارەش (هەرگاوی هەستی) - کە زۆر لە دەستەواژەی (خاشاك هەستی) و (پووشی هەستی) دەچێ - ، (بوون)ی شاعیری بە لافاوی دووری بردوە.
- شاعیر لە سەرەتای شیعرێکدا [99] باس لەوەدەکات، کە دەنگی کۆچکردنی ئەو کەژاوانە دێت، کە دەچن بۆ کوێستان و جوانان وەك لەیلا دەنازن، سەرەتای هاتنەوەی کۆچی - ی یارە قسە خۆشەکان دەرکەوت، بەڵام لەلایەکی ترەوە بەهۆی کۆچکردنی یارانەوە دەنگی هاواری مەجنونان - عاشقان - بڵندبووەوەو گرفتاری زامی سەخت بوون. بەم جۆرە وردە وردە بەرەو باسکردن لە پەشێوی حاڵی خۆی لە دووری یار دەڕوات، کە دواجار وایلێکردووە:
**عەدەمش نە پووش هەستی مەکەرد ساف**
**منمانا چون خەس هەستیش نەڕووی تاف** [100]

ئەو دەڵێت - شاعیر - تاڤگەی ئاوی چاوی بەجۆرێك نابووت (عەدەمی) کردبوو، نەبوونی کردبوو بە ئەسڵو لە (بوونی) پاککردبووەوە، ئیتر بوونی وەك پووش و پەڵاش بەسەر ئاوی تاڤگەوە ئەهات و ئەچوو.
واتە: خۆشەویستی دۆست و دووری لەو، نەبوونی (عەدەم)ی کردوە بە ئەسڵ و (بوونی) - بوونی شاعیر- ی کردوە بە پووش و پەڵاش و نەبوون.



مەولەوی



**پەراوێزەکان:**

1 - دیوانی مەولەوی، ل31.

2 - د.عبدالمنعم الحفنی، معجم مصطلحات الصوفیە، پێناسەی ژیان لای سۆفیەکان، ل84.

3 - بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری دووەم، بیروڕای (فارابی)، ل84.

4 - بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری سێهەم، ل101.

5 - دیوانی مەولەوی، ل61.

6 - دیوانی مەولەوی، ل63.

7 - م. مدرس وایلێکداوەتەوەو ئەمەش پراوپڕە لەگەڵ ئەو مانایەی، کە لە فەرهەنگی عارفاندا، بۆ ئەوە دانراوە. بڕوانە: د.سید جعفر سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل788.

8 - دیوانی مەولەوی، ل256 – 259.

9 - بڕوانە: چەمکی ژیان و مردن لە فەلسەفەدا، ل93 بەدواوە.

10 - وادەزانین ئەم مانایە حافزی شیرازی بە ڕوونی دەریبڕیوە کە دەڵێت:

**رندی أموزو کرم کن کە نە چندان هنرست**

**تا حیوانی ننوشد می و انسان نشود**

بڕوانە: ئەکرەم عەنەبی، مەحرەمی ڕاز (شەرحی غەزەلەکانی حافز)، بەرگی دووەم، ل269.

11 - بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل298.

12 - دیوانی مەولەوی، ل300.

13 - بێگومان چەمکی (فەنا) زیاتر دەچێتە نێو باسی مردنی مەعنەوییەوەو دەبوو لە بەشی سێهەمدا باسیبکەین، بەڵام لەبەرئەوەی لەلایەکەوە ئەم فەنابوونەی ئێرە زیاتر بەلای بوونو ژیاندا دەکەوێ، بۆیە لێرەدا هێناومان، لەلایەکی ترەوە –وەك دواتر لە بەشی سێهەمدا دەیبینین – زۆرینەی عارفەکان لەوانەش( مەولاناو مەولەوی) دابڕانو دووریو جیاوازی لەنێوان مردنو ژیاندا نابینین، بۆیە زۆرجار ئەم دوو باسە لایان بە تێکەڵی دەبینرێ.

14 - حافز لەم ڕووەوە بەیتێکی بەناوبانگی هەیە، کە دەڵێت:

**بە می سجادە رنگین کن گرت پیر مغان گوید است  کە سالك بی خبر نبود ز راه و رسم منزلها**

ئەگەر پیری موغان وتی بەرماڵەکەت بە (مەی) ڕەنگین بکە، ئەوا بیکە. بڕوانە: ئەکرەم عەنەبی، مەحرەمی ڕازو شەرحی غەزەلەکانی حافز، بەرگی یەکەم، ل9.

هەر لێرەوە، دیارە لە تەریقەتی سۆفیدا، بەتایبەتی لە تەریقەتی نەقشبەندیدا – کە مەولەوی سەر بەو تەریقەتەیە – فەنا لە شێخدا پلەی یەکەمی گەیشتنە بە فەناو فەنا لە خودادا دواثامانجی تەریقەتە.

15 - لێکۆڵەری ناسراوی جیهانیی بواری فەلسەفەو عرفان (د.واڵتەر ئستیس) باوەڕیوایە، کە هەوڵ بۆ گەیشتن بە خوداو یەکگرتنو فەنابوون لەنێویدا، یەکێکە

لە خاسیەتە جیهانییەکانی عرفان، ئەو دەڵێت «دەمانەوێ ئەوە بزانین، کە یەکیەتی (اتحاد) یان (یەکی)، ئەزموونو چەمکی بنەڕەتییە لە هەموو ئەزموونە عرفانییەکاندا، ئەگەرچی لە هەندێ تەریقەتدا ڕەنگە کەمتر، یان زیاتر پێداگری لەسەر ئەوە بکرێت، تەنانەت لە هەندێ شوێندا بەڕوونی باسکراوە. یەکیەتی شتێکە کە دەرککردنی راستەوخۆ دەبێت، یان بە دەربڕینێکی تر، ئەگەر بتوانین لەنێوان ئەزموونو دەربڕیندا جیاوازی بکەین، ئەوا ئەو (یەکیەتی)یە پەیوەستە بە ئەزموونەوە نەك دەربڕین». بڕوانە: سەبور عەبدولکەریم (شکار)، حەللاج، ل38.

16 - ساڵی (420)ی کۆچی هەتاوی کۆچی دوایی کردوە، ئەویش وەك زۆرینەی هەرە زۆری عارفە گەورەکانی ئێران سونە بووە.

17 - وادەزانین ئاماژە بە دەقی قورئانیی (کل شیء هالك الاوجه – هەموو شتێك لە ڕۆژی دوایی‌و کۆتایی جیهاندا تیادەچێت تەنها خودا نەبێت) (القصص: 88).

18 - بڕوانە: د.سید یحیی یپربی، فلسفه عرفان، 1377 – 1998، چ4، مرکز انتشارات دفتر تبلیغات اسلامی، قم، ل40.

19 - هیچ گومانی تێدا نییە، کە مەولەوی دەکرێ گەیشتبێتە ئاستی پیرەکەی، بەڵکو هەندێ جار لەو قوڵبینترو دوورتریش بڕوات، وەك ئەو نمونەی سەرەوەو هەر خودی پیرەکەشی هەستی بەوە کردوە، بۆیە بەڕوونی دەبینین شێخ عوسمان سیراجەدین لەو نامانەیدا، کە بۆ موریدەکانی بەجێهێشتووە، دوای سەفەرکردنەکانی خۆی – کە بە زمانی فارسیە – مەولەوی وەك جێنشینی (خلیفە)ی خۆی دیاریکردووە. بڕوانە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، بەرگی دووەم، 1385 – 2005، چ1، انتشارات کردستان، سنە، ل47.

20 - دیوانی مەولەوی، ل302.

21 - دیوانی مەولەوی، ل291 – 293.

22 - بڕوانە: ژیان و مردن لە سۆفیگەری و عرفانی ئیسلامیدا، ل99

23 - بۆ مانای (مەی) و (دورد – خڵتەی شەراب) لە فەرهەنگی سۆفیگەری و عرفاندا. بڕوانە: د.سید جعفر سجادی، فرهنگ اصطلاحات و تعبیرات عرفانی، ل751 و 382.

24 - دیوانی مەولەوی، ل230.

25 - بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل387، 388.

26 - دەروێش لە فەرهەنگی عارفاندا، بە کەسێك دەوترێ، کە بایەخی بە دونیاو وابەستەکانییەوە نەبێت. د.سید جعفر سجادی، ل382. مەولەوی لێرەدا بە پەنابردنی بۆ دەروێش‌و ئاوازی دەفە مەعنەوییەکەی، دەیەوێ ئەویش بایەخی بە دونیاو وابەستەکانییەوە نەمێنێ، بە مەستی هەموو شڵەژانو نائارامیەکانی لەبیربکات.

27 - نەی – شمشاڵ – لە عرفاندا – جگە لەو مانایەی کە لە پەراوێزی ژمارە (3)ی ل9 هێنامان کە نزیکە لەم مانایە – هێمایە بۆ دەنگی ئەزەلی و جاویدانی لە بووندا‌و نەیستانیش هێمایە بۆ جیهانی بنەڕەتی مرۆڤ کە لەوێوە هاتووە بۆ ئێرە (دونیا). بڕوانە: د.سجادی، ل775. کە لێرەدا وا دەردەکەوێ، مەولەوی مەبەستی لەم مانایە بێت.

28 - دیوانی مەولەوی، ل230.

29 - صەفا – پاکی لە عرفاندا دژی پیسی‌و ژەنگ‌و نەخۆشی مەعنەویەو بەمانای پاکبوونەوە لە ژەنگی پیسی‌و دوورکەوتنەوە لە شتە ناپەسەندەکان دێت. عەبدولڕەزاقی کاشانی باس لەوەدەکات کە سەفا لای عارفان سێ پلەیە: پلەی سەفا بە شەریعەت کە بە شەریعەت و ئادابی پێغەمبەر (د.خ) لە پیسیە دیارو گەورەکان پاکیبێتەوە. دووەم: سەفای حاڵ، کە لە قاڵ – علم – وەوە بۆ (حاڵ) بڕوات‌و لەم قۆناغەدا صەفا بەهۆی داباڕینی مەعنەویەوە بە ڕۆشنایی ناسینی خوا ڕوناك و پاکدەبێتەوە. قۆناغی سێیەم: سەفای پەیوەندبوونە بە حەقەوە، کە جۆرێکە لە فەنا. واتە مافی بەندایەتی بچێتە ژێر مافی خودایەتی و هەموو سیفات و کردارەکانی بەندە لەنێو سیفات‌و کردارەکانی حەقدا ون دەبێت‌و پاکدەبێتەوە لە خۆی‌و دەبێت بە دەرخەری سیفات‌و کرداری حەق. ئەمەشە کە لە فەرمودە



قودسیەکەدا دەفەرموێ (بی یسمع و بی یُبصر – واتە بەو جۆرە دەبیستێ و دەبینێ کە خودا دەیەوێ). بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل532، 533.

30 - دیوانی مەولەوی، ل468 – 469.

31 - مەلامەتی ڕێبازێکی سۆفیگەرییە، کە دروشمەکەی لەلایەن دامەزرێنەکەیەوە کە (حەمدونی قەسار)ە بە (الملامە ترك السلامە – مەلامەتی بریتیە لە وازهێنان لە سەلامەتی)، واتە ئەوان تەنها بایەخ بە حەق – خودا – دەدەنو گوێ بە خەڵك نادەن، تا ئەوەندەی کە خەڵك لۆمەیان دەکات. ئەوان لەپێناوی پوختی (اخلاص) و ڕاستگۆیی لە کاردا بۆ خودا زۆر هەوڵدەدەنو دەیانەوێ کە بەپێچەوانەی خەڵکەوە – خواپەرستی و کردارە باشەکانیان بشارنەوەو کردارە ناباشەکانیان – یان هەندێ جار واش نیشانبدەن – دیار بێت تا لە ڕوپاماییو ستایشی خەڵك بەدووربن. بڕوانە: د.سید صادق گوهرین، شرح اصطلاحات تصوف، جلد 10، 1383 – 2002، چ1، انتشارات زوار، تهران، ل-351، هەروەها د.سید جعفر سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل742.

32 - بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل338.

33 - (سافی) و (سەفا) لای عارفان بەمانای لابردنی ژەنگی پیسیو تاریکی لە دڵان دێت. د.سجادی، ل519. کە لێرەدا وادەزانین مەولەوی مەبەستی لەو مەیەیە، کە عەشقی دەداتێ و مەستی دەکاتو بێباکی دەکات لە ژەنگی ڕوپاماییو عەیبەو ترسان لە خەڵك و وەك زەڵمی لێدەکات.

34 - بۆ مانای (عەدەم) لای عارفان، بڕوانە: ژیان و مردن لە سۆفیگەری و عرفانی ئیسلامیدا، ل99.

35 - بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل87.

36 - پێشتر وتمان سۆفیەکان باوەڕیان وایە لە دەرکەوتنی خودادا دووبارەبوونەوە نییە (لا تکرار فی التجلی) بەڵکو هەموو ساتێك بە نوێی دەردەکەوێ. بڕوانە: ژیان و مردن لە سۆفیگەری و عرفانی ئیسلامیدا، ل112.

37 - عارفان جیهان و بوون بە جیلوەو دەرکەوتەی خودا دەبینن و لایان وایە هۆکاری دروستکردنی بوون لەلایەن خوداوە، لەپێناو ناساندنی خۆیدا بووە بە دروستکراوەکانی لە سەرووی هەموویانەوە مرۆڤ. بڕوانە: ژیان و مردن لە سۆفیگەری و عرفانی ئیسلامیدا، ل99.

38 - دیوانی مەولەوی، ل91.

39 - بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل92.

40 - دیوانی مەولەوی، ل92.

41 - وەك بەڵگەیەکیش بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەمان دەبینین مەحوی دەڵێت:

ئەگەر لەیلا ئەگەر فەرهادە، تا حەشر هەر بن مەمنون　　لە یومنی عشقە، فەیچی حوسنە، وا بەم ڕوتبە نائیل بوون

دەکەن ڕەشتاڵەیەکی دەشتەکی باسی لەگەڵ شیرین　　دەبەن بەردهەڵکەنێکی کێزەری ناوی لەگەڵ مەجنون

بڕوانە: دیوانی مەحوی، ل350، هەروەها بۆ زانینی وردەکاری زیاتر لەسەر مانای ئەو بەیتە، بڕوانە: سەبور عەبدولکەریم (شکار)، ڕەنگدانەوەی کەسێتی و دنیابینی حەللاج لە شیعری مەحوی و حافزی شیرازیدا، ل257.

42 - دیوانی مەولەوی، ل189.

43 - لە ئەدەبیاتی عرفانیدا ئاسك هێمایە بۆ مەعشوقی هەمیشەیی (خودا)، بە نمونە حافزی شیرازی دەڵێت:

**صبا بلطف بگو، ان غزال رعنارا　　　که عشق کوەو بیابان تو، دادەو مارا**

(ئەی بای سەبا بە نەرمی بەو ئاسکە جوانە بڵێ: کە ئێمە لە عیشقی تۆ سەرگەردانی کێوو بیابان بووین). بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل67.

(مەحوی)ش (ئاسك) بۆ خودا بەکاردێنێ:　که ئاسك ئادەمی یان سەگ ببینێ، غەیری سڵ چی بکا؟　　دیوانی مەحوی، ل15.

44 - بڕوانە: د.سید جعفر سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل177، 751.

45 - شەوق (تامەزرۆیی): لای عارفان ئەوەیە، کە کەسێك بە کۆتایی عشق و شەیدایی بگاتو لای ئەوان تامەزرۆییە بۆ دیداری حەق - خودا - د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل724.

46 - دیوانی مەولەوی، ل148.

47 - بڕوانە: د.سید جعفر سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل634.

48 - بڕوانە: هەر ئەم پارە، ل222.

49 - ئەکرەم عەنەبی، مەحرەمی ڕاز (شەرحی غەزەلەکانی حافظ)، بەرگی یەکەم، چ1، ل23.

50 - (پەی) بەمانای (وەدوکەوتن، شوێن، لەپاش شتێك کەوتن) دێت. بڕوانە: هەنبانە بۆرینە، ل125.

51 - بۆ بەڵگەی ڕایەکەمان دەبینین حافزی شیرازی باوەڕیوایە، کە ئەگەر مەی عرفانی بدرێتێ دەتوانێ نهێنییەکانی بوونو چارەنووس بزانێ: می دە تاد همت أگهی از سر قضا

(مەیم بدەرێ تا لە نهێنییەکانی قەزاو چارەنوس ئاگادارت بکەمەوە)، بڕوانە: ئەکرەم عەنەبی، سەرچاوەی پێشوو، ل120.

52 - بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل150.

53 - د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل775.

54 - دیوانی مەولەوی، ل472.

55 - ئەمە لە بەشی سێهەمدا، کە تایبەتە بە (مردن) باسی دەکەین.

56 - بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل218.

57 - بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ل751.

58 - بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل752.

59 - دیوانی مەولەوی، ل105.

60 - وادەزانین لە هەورامیدا (ئۆلا) لەگەڵ (ئەولا) جیاوازن، (ئۆلا) بەمانای (بۆلایە)، بەڵام (ئەولا) بەمانای (ئەولاترە) مەبەستی مەولەوی مانای یەکەمە نەك دووەم - کە م.مدرس وایلێکداوەتەوە. واتە مەولەوی باڵای ئارەزووی چوونی بۆ جیهانەکەی تر بڵند بووەتەوە، نەك بۆ ئەم جیهانە کە بە پەستی - مانای نزمی و دانەوینەوە - کە ئەمە هەر خۆی وەسفی دونیایە - و بەیتەکانی دواتریش بۆچوونەکەی ئێمە دەسەلمێنێ، کە شاعیر ئارەزووی بۆ جیهانەکەی تر بەهێز بووە، بۆیە ئومێد بە خۆی دەداتەوەو دەڵێت ئەژنۆی ئومێدت - ئەگەرچی گوناهباری و لە سەفەری مردن و ئەنجامەکەی دەترسی - نەیەتە لەرزەو ئەو کەسەی کە ئەمڕۆ لە دونیادا وا داپۆشەری گوناهەکانتە، لەوە گەورەترە شەو - تاریکی و ناڕەحەتی قیامەت - نەهێنێت بەسەرتدا. بڕوانە: دیوانی مەولەوی، بەیتی (4) بەدواوە، ل106.

61 - وەك بەڵگە بۆ ئەگەری لەخۆگرتن. مەبەست بوونی ئەم مانایە لای شاعیر، دەبینین ئەو لە بەیتێکی تردا بەڕوونی گۆڕ بە (جێگەی دڵنیاییو دەستەبەری) ناودەبات:

**یاران بەرشی یەن جە زێد وە زامن گرد تەفرەقە بین چون خەیاڵ من! دیوانی مەولەوی، ل540.**

62 - دیوانی مەولەوی، ل40.



63 - عارفان باوەڕیان وایە دەروێش ئەوەیە لە هۆشیاریەوە نەخواستەنی هەڵدەبژێرێ، چونکە بە باوەڕی ئەوان لەژێر هەر خواستێکی بەدیهاتوودا دە بەڵکو سەد

خواستی بەدینەهاتوو شاردراوەتەوە بۆیە مرۆڤی عاقڵ بۆ دەرگا داخستن لەسەر ئەو سەد خواستە، واز لە خواستێك هەر لە سەرەتاوە دەهێنێ. بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل383.

64 - بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل424.

65 - بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل387.

66 - دیوانی مەولەوی، ل426.

67 - بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل522.

68 - لای شاعیرە عارفەکان چاوی مەست و زوڵف وەك هێما بۆ خودا بەکاردێت. بۆنموونە حافزی شیرازی دەڵێت:

**گفتم گره نگشوده‌ام زان گره تا من بوده‌ام گفتا منش فرموده‌ام تا باتو طراری کند**

(واتە: وتم تا من بووم و هەم لە ژیاندا ناتوانم گرێی ئەو زوڵفە پێچاوپێچەی تۆ بکەمەوە، وتی من فەرمووم پێی - واتە بە زوڵفەکەی کە هێمایە بۆ تاریکی و ناڕوونی - تا لەگەڵ تۆدا مەتەڵ بازی و گیرفان بڕی بکات!). بڕوانە: سەبور عەبدولکەریم (شکار)، کەسێتی و دنیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسی دا بەتایبەت لای مەحوی و حافزی شیرازی، ل362-363.

69 - دیوانی مەولەوی، ل524.

70 - بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل213.

71 - دەروونی گۆیا ئەو دەروونەیە، کە زانستی بە هۆکارەکانی دروستبوونی کاروبارێك هەیە. بڕوانە: د.عبدالمنعم الحفنی، معجم مصطلحات الصوفیه، ل257.

72 - بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل387.

73 - دیوانی مەولەوی، ل214.

74 - (نەی) و (نەی ژەن) لە فەرهەنگی عارفاندا هێمایە بۆ پەیامی دۆست - خودا یان پیر - کە بۆ عاشق دێت. بڕوانە: دیوان حافظ (نسخەو تیموری)، بە اهتمام: د.أحمد مجاهد، 1379 - 1999، چ1، چاپ دانشگاه تهران، ل40.

75 - بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل420.

76 - سەرچاوەی پێشوو، ل422.

77 - سەبارەت بە بوونی ڕەسەن و بوونی خوازراو، بڕوانە بۆ چەمکی ژیان و مردن لە فەلسەفەدا، بەتایبەت لای وجودیەکان، کە خاڵی هاوبەشیانە لەگەڵ عارفاندا، ل63.

78 - بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل240.

79 - بڕوانە: سەبور عەبدولکەریم (شکار)، حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردیو فارسیدا، ل321.

80 - دیوانی مەولەوی، ل241.

81 - تەنورە بەمانای دەمی ئاشیش بەکاردێت. بڕوانە: هەنبانە بۆرینە، ل169.

82 - بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل383.

83 - لە دەقە ئاینییەکانداو بەتایبەتی لە نزاکاندا دەقی زۆرمان هەیە، کە مرۆڤ بەهۆیانەوە داوای پەناگرتن بە خودا لەدەست خودا - قەدەرەکانی - دەگرێت

وەك (اعوذ بك منك). هەر لەم ڕووەوە خانای قوبادی پێش لە مەولەوی، لە شیعرێكی عرفانی بڵنداو لە نیوە دێڕێكدا دەڵێ:

وەرنە بەزاتت جەلای زاتی تۆ     مەكەرۆن حەشر من شكاتی تۆ!

بڕوانە: صدیق بۆرەكەیی، مێژووی وێژەی كوردیی، بەشی یەكەم، ل123.

84 - بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل387.

85 - وادەزانین ئەم بەیتەی مەولەوی، كاریگەری بەیتێكی حافزی شیرازی بەسەرەوە دیارە كە دەڵێت:

**سر ز مستی بر نگیرد تا به صبح روز حشر          هر كه چون من در ازل یك جرعه خورد از جام مست**

(هەركەسێ وەك من لە ئەزەلدا لە جامی دۆست یەك قومی خواردبێتەوە، لەتاو مەستی تا بەیانی ڕۆژی حەشر سەر بەرز ناكاتەوە).

بڕوانە: ئەكرەم عەنەبی، مەحرەمی ڕازو شەرحی غەزەلەكانی حافز، ل144.

86 - بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل18.

87 - شەرارە لە زمانی هەورامیدا بۆ گەرما بەكاردێت. بەڵام (شەرارەت) ئەمیش بەمانای ئاژاوە یان مرۆڤی سەر بە ئاژاوە بەكاردێت، بۆ ئەم واتای دووەمە. بڕوانە: جمال حبیب الله (بێدار)، وشەنامە (هۆرامی – كوردی ناوەڕاست)، چ1، بڵاوكراوەی ئەكادیمیای كوردی، ژ(78)، هەولێر، 2010، ل648.

88 - دیوانی مەولەوی، ل409.

89 - بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل436.

90 - هەژار، هەنبانە بۆرینە، ل489.

91 - بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل217.

92 - وادەزانین (تەشریف بردن) بێجگە لە مانای ڕۆیشتن بە ڕێزەوە، لە ئەدەبیاتی عرفانی و ئێرانیدا، بەمانای جلوبەرگیش دێ، جلوبەرگی جەستە لابردن و ڕووتبوونەوەی ڕۆح و گەڕانەوەی بە مردن بۆلای دۆست (خودا). بۆ وشەی (تشریف) بڕوانە: حسن عمید، فرهنگ عمید، 1381 – 2001، چ1، انتشارات امیر كبیر، تهران، ل687.

93 - بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل359.

94 - بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل243.

95 - هەروەها جگە لە ئۆقرە نەگرتن، بەمانای نەخۆشی مالیخۆلیا بەكاردێت. بڕوانە: هەنبانە بۆرینە، ل697.

96 - خاتوو كەلسومی عوسمان پوور ئەمە بە دركە بۆ مردن دادەنێ. بڕوانە: دوزخ دوری، زیبایی شناسی دیوان اشعار مولوی كُرد، لە بڵاوكراوەكانی دیداری مەولەوی – 2010، ل141.

97 - بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل134.

98 - لە هەنبانە بۆرینەدا (تۆپڵاخ) بەمانای (بەسەریەكاهاتوو)ە. بڕوانە ئەو سەرچاوەیە، ل152.

99 - بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل416.

100 - سەرچاوەی پێشوو، ل419.

